کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری وراگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (٢٦٧)

# داستانی نەورۆزو نەورۆزی کوردستان

طەھ علی شریف

بەغدا ١٩٩١

هەواڵنامەی کتێب

پێشکەش بەو دایک و باوکانە بێت کە دەستی رۆڵەکانیان لەکوڕی نیشتمان و نەتەوە پەروەری و مرۆڤ دۆستیدا گرتووەو ئەو رۆڵانەش کە بە خامەی پیرۆز مێژووی خەباتی دلێرانەی گەلەکانیان رازاندوەتەوەو وشەی پەروەردە کردن و سەرخستنی خەباتی رەوای سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری گەلەکانیان هەمیشە بەرەوپێش بردووە ۰

حلمی علی شریف

هەولاتەی کتێب

# پێشەکی

لە دەورووبەری مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٨٥دا لەسەر داوای دوکتۆر خاتو کوردوستان موکریانی جێگری سەرنووسەری گۆڤاری رۆشنبیری نوێ دەستمکرد بە نووسینی باسێك دەربارەی نەورۆز کە بە بۆنەی یادی نەورۆزەوە لە ٢١ ئازاری ١٩٨٦دا لە گۆڤارەکەدا بڵاو ببێتەوە • بەڵام کە باسەکەم پێ گەیاندن نە دکتور کوردستانو نە کاك مصلح جەلالی بە تەمای باسێکی وابوون بچێتە بنجو بناوانی پەیدابوونی نەورۆزەوە بەڵکو وای تێ گەیشتم چاوەروانی ئەوەیان ئەکرد کە باسێك بێت دەربارەی بەهاری کوردستانو گوڵو نەسرین ، ئەمە جگە لەوەی هەردووکیان لەو باوەڕەدابوون کە کاوەی ئاسنگەری کورد ( ضحاك )ی دواهەمین پاشای ماددی لەسەر تەخت لابردووەو میرفەرەیدونی فارسی خستۆتە شوێنی ! بێ گومان ئەگەر ئەمە وابێت ئەبێ کورد لاپەرەی کاوە هەڵ بداتەوەو بەسەرێشێکی خەستیش بەلاپەرەیەکی ترەوە قایمی بکاتو ئیتر لە کۆڕی بەد ناوکردندا نەبێت لە کولەکەی تەریشدا ناوی نەبات •

جا ئەم باسە چەند مانگێك لە دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی مایەوەو ئەو سا کەو تەوە دەستم • ئیتر منیش ئەم بیرەنوێیە دەربارەی کاوە بیروهۆشی وروژانمو کەوتمە گەڕان بە دوای سەرچاوەی تری مێژوییو زانستیانای مێژوونووسانی گەلانی ئارییو ئیرانیو کوردیی دێرین • تا بە یارمەتی برایانی بەرێز مامۆستا دوکتۆر ئەمین موتابچیو مامۆستا فەریدون عەلی ئەمینو برادەرانی کە چەند سەرچاوەیەکی نایابو

بە نرخی‌ترم دەست کەوت‌و پشت بەو سەرچاوە نوێیانە بەشێکی‌تری تایبەتیم خستە سەر باسەکە کە ئەم بۆ چوونە دەربارەی کاوە شێ بکاتەوەو هەڵوێستی کاوە بخاتە تای‌تەرازووەوە • واتە ئەوە ساغ بکاتەوە کە ئایا کاوە ئاستیاکی پاشای ماددی روخاندووەو میر فەریدونی فارسی خستۆتە شوێنی یان ( ضحاك )ی بە زۆر خۆ سەپینراوی بەسەر گەلی پێشدادی باپیرانی ماددا لابردووەو میرێکی پێشدادی دور خراوەی خستۆتەوە سەر تەختی باوو باپیرانی خۆی ؟! •

ئەم باسە وەلامی ئەم پرسیارەتان بەسەرچاوەی مێژوویی بایەخدارەوە ئەداتەوە • بیروڕای خوێنەرانی بەڕێزو هێزی راستی بۆ چوونی ئەم بەشە دەربارەی ئەم بابەتە هەر چۆنێك بێت من زۆر سوپاسی كاك مصلح جەلالی‌و دكتۆر خاتو کوردوستان موکریانی ئەکەم کە یەکەم جارمنیان خستە سەر خولیای نووسینی باسێکی وا ، وە دووەم جار هانیان دام کە بە دووی ساغ کردنەوەی هەڵوێستی کاوەی ئاسنگەردا بگەڕیم کەهەر لە جێگاو کاتێکی‌تردا ئەم باسە ئەهاتە کۆڕی وتووێژولێ کۆڵینەوە •

هەروەها ئەوەندەی من لێی شارەزابم هیچ نەبێت بە زمانی کوردی لەم چوارچێوەیەدا بەم شێوەیە باسی نەورۆزو سەرچاوەی پەیدابوونی‌و پێوەندی بە نەتەوەی کوردەوە نەکراوە کە هیوادارم تروسکاییەکی پچوکیش بێت بیخاتە سەر مێژووی نەتەوە قارەمانە نەبەزە بەش خوراوەکەمان ،

حیلمی عەلی شەریف

# داستانی نەورۆزو
# نەورۆزی کوردستان

هەموو ساڵێك خەڵكی كوردستان یادی ئەم جەژنە پیرۆزە ئەكەنەوەو ئاهەنگی خۆشیو بیرەوەری مێژووی رابوردووی پڕفیداكاریو لە خۆبوردنی تیا ئەگێڕنو ئەیكەن بەسەر مەشق بۆ ڕەوتی داهاتوو ، بـۆ هانینەدی ژیانو گوزەرانێكـی خۆشو سەربەرزانە ، بـۆ ڕامالینی ئەو هۆ سەرەكییانەی گەلەكەمانی لە گەلە پێشكەوتووەكـان بەجێ هێشـتووە .

نەورۆز لە مێژووی نەتەوەی كورددا نرخو بایەخو تامو چێژی لەو چوارچێوەیەدا دەقی گرتووە كە گەلـی كورد بە سـەروكایەتـی كاوەی ئاسنگەر لەم ڕۆژەدا ضحاك ـ ی زۆردارو خوێنڕێژی لـە ناو بـردووەو ئازادی سەربەسـتی بەدەست هێناوە .

بویـە هەموو ساڵێك لە ژێر سێبەری هەر هەلو مەرجێك دابێت لـە خۆشیو ناخۆشیدا گڕی گەشاوەی نەورۆز ، وەك جگـەر گۆشـەیەكی خۆشەویستی نەتەوەی كورد لە هەسـتو مەبەستو ژیانیدا جێگایەكـی تایبەتی پێ خەڵات كراوە ، دەسـتێكی دەرونیانەی لە دروست كردنو داهێنانی شاكارانەی ئەدیبو بوێژو نووسەری كورددا هەیـە .

ئەوی راست بێت ئەبێ نووسەرو مێژووناسی كورد لە روانگەیەكی سێ لانەوە بڕواننە ئـەم رۆژە دیارو گران بەهایـە ، یەكەمیان نـەورۆزو داستانی نەورۆز لە نێو گەلانی ئارییدا ، كە بناخەو پایەیەكی قایمو لـە

بیر نەچووەوەی دامەزراندووەو پرشنگی خۆشیو بەختیاریو روناکی تیا بلاو کردۆنەتەوە • دووەمیان نەورۆزو داستانی ئەفسانە پۆشی کاوەی ئاسنگەر لە نێو کۆمەلانی خەلکی کوردستانا کە بۆتە مەشخەلو نیشانەو سەر مەشقی جوا مێریو نوێ خوازیو کامەرانیو بروا بەهێزی شۆرشگێرانەی جەماوەر کردنو ئومید پەیدا کردن بە سەرکەوتن • سێیەم داهاتنی وەرزی بەهاری کوردستان ، کە ژیانی کۆمەلانی خەلکی کوردستانی لە سەرماو سۆلەو بێ دەرامەتیەوە گواستۆتەوە بۆ ئاستێکیتر • ئەم وەرزە خێرو بەرەکەرەت هێنەرە ، ژیانی تیا ئەگەشێتەوەو ئومێدی تیا ئەبوژێتەوە •

هەواڵنامەی کتێب

# نەورۆزو داستانەکەی
# لە نێو گەلانی ئاریاییدا

ئەوی راست بێت مێژووی نەورۆزی گەلانی ئاریایی کە گەلی کوردیش یەکێکیانە زۆر لە مێژووی نەورۆزی گەلی کورد کۆنترە ، لەو کاتەوە دەست پێ ئەکات کە هێشتا پایەکانی پەیدا بوونی نەتەوە نە لە نێو گەلی کورداو نە لە نێو هیچ گەلێکی تری ئەم سەر زەمینەدا چینێکیان لێ دارێژراوە .

نەورۆزی گەلانی ئاریایی لەو رۆژانەوە دەست پێ ئەکات کە کۆمەلانی خەلکی ئاریازەمین تازە لە رژێمی ژیانی ساکارو سەرەتایی رزگاریان بووەو پێیان ناوەتە قۆناخێکی نوێی ژیانەوە . با پێش ئەوەی ئەم باسە شی بکەینەوە بیروڕای ئەو شارەزایانە بخەینە پێش چاو کە پێش ئێمە خۆیان بە نەورۆزو داستانو ئەفسانەی نەورۆزەوە خەریك کردووە .

لە فەرهەنگی ( برهان قاطع )[١]ی فارسیدا دەربارەی نەورۆز واهاتووە « واتای نەورۆز ، رۆژی نوێ ئەگەیەنێت ، ئەمیش دووانە ، نەورۆزی گشتیو نەورۆزی تایبەتی . گشتییەکەیان ئەکەوێتە یەکەم رۆژی مانگی ( فەروەردین ) ـەوە کە تیشکی رۆژی تیا ئەگاتە یەکەم خالی کەلوی بەرخ ( برج الحمل )و ئیتر یەکەم رۆژی بەهاری پێ دەست پێ ئەکات . وەوا وتراوە کە خودای بزورگ لەو رۆژەدا بووەکانو ئادەم

( درودی خوای لیٚ بیٚت ) ــی دروست کردووه ، بۆیه بەم ڕۆژەیان وتووه ڕۆژی نویٚ • وەهەندیٚك ئەڵیٚن کە جەمشیدی یەکەم ناوی جــەم بووه ، سەیری جیهانی کردووەو کە گەیشتۆتە ئازربایجان[٢] فەرموویەتی تەختیٚکی جەواهیر بەنــدی لە شویٚنیٚکی بڵندی روو بە ڕۆژهەلاٚت بۆ دابنیٚن ، خۆشی تانجیٚکــی جەواهیٚر بەندی رازاوەی کردۆتــە سەروو لەسەر تەختە جەواهیٚر بەندەکــە دانیشتووه ، کە تیشکی خۆر هەڵهاتووەو لە تانجو کورســیـیە جەواهیٚر بەندەکەی داوه ، بریسکەو پرشنگیٚکی ئیٚجگار رۆشنو جوانی داوەتەوه ، بەمە خەڵکی زۆر شاد بوونو وتویانە ئەمە ڕۆژی نویٚیە • وه سەبارەت بەوەی بــە زمانــی فارسی[٣] بەتیشــك ئەڵیٚن ( شــید ) ئیتر شیدیان خستوتە سەر وشەی جەمو پیٚیانو تووه ( جەمشید )وە ئەو ڕۆژەشیان کردووە بە جەژنیٚکی گەورەو دوای ئەمە هەموو ســاڵیٚك لــەو ڕۆژەدا جەژنیان گیٚڕاوه •

بەلاٚم نەورۆزی تایبەتی ڕۆژیٚکــە ، ناوی ئەو ڕۆژە ( خورداد )ه ، وەئەم ڕۆژە ئەکەویٚتە شەشەم ڕۆژی مانگی ( فەروەردیــن )ەوه ، وه لــە هەمــان ڕۆژدا دیسانەوه جەمشید تیایا چۆتە سەرتەختو کەسانی نزیك لە خۆی کۆ کردۆتەوەو رەفتاری چاکــی لەو ڕۆژەدا بەکــار هیٚناوەو وتویەتی خودای گەورە ئیٚوەی دروست کردووه ، ئەبی بە ئاوی پاك خۆتان بشۆنو بــۆ خودا بــە چۆکابیٚنەوه بە سوپاســ گوزاری ئەوەوە خەریك بــن وەهەموو ساڵیٚك لە هەمان ڕۆژدا هەمان رەفتار بکەن • لەبەر ئەوە ئــەو ڕۆژەیان ناو ناوە نەورۆزی تایبەتی •

هەروەهــا لە هەمان فەرهەنگدا کە لە ژیٚــر چاوەدیٚــری دوکتور محمد معین پرۆفیســۆری زانکۆی تاراندا چاپ کراوه ، دوکتور محمــد معین بەم جۆرەی خوارەوە لــەسەر نەورۆزی نووســیوه[٤] •

« جەژنی ساڵی نویٚ لای ئاری یەکان : ئەم جەژ نە لە بنەرەتا یەکیٚك

بووە لە دوو جەژنی مەزن ، ئاری‌یەکان زۆر کۆن دوو وەرزی سـەرماو گەرمایان بووە ، ئەم دابەش بوونەی ئیستا دوای ئـەوە پەیـدا بووە . وەرزی سەرما[٥] دەمانگ‌و وەرزی گەرما دوو مانگ بووە ، دوایـی گۆڕڕانێك بەسەر ئەم دوو وەرزەدا هاتووە . هاویـن حەوت مانگ وزستان پینج مانگ بووە . لە هەر وەرزێك‌دا جەژنێك کراوە کە هەردووکیان بـە سەرەتای ساڵی نوێ لە قەڵەم دراون . یەکەم جەژن لە سـەرەتای وەرزی گەرمادا کراوە ، واتە کاتێك کە ئاژەڵ لە ئاغەڵان بـەر دراون وەروویان کردۆتە لە وەڕگای سەوزو تەڕ ، بە بینینی دیمەنی خۆر دڵخۆش بوون .

جەژنەکەی تریان لەگەڵ دەسـت پێ کردنی وەرزی سـەرمادا کردووە ، کاتێك کە ئاژەڵ سەر لە نوێ لـە ئاغەڵان کراونەتەوەو توێشووی ڕۆژگاری سەختی زستانیان پێکەوە ناوە بەم پێ‌یە دوکتور محمد معین لەسەر ئـەم باسەی ئەرواتو ئەڵێت « لـە داستانی شانامەدا بە باشی دەرئەکەوێت کـە نەورۆز بە مانای ڕۆژی نوێ‌و تازەیە ، واتا ڕۆژێك کە ساڵی نوێ لەوەوە دەست پێ ئەکـات . ابو ریحان لە ــ التفهیم ــ دا ئەڵێت « نەورۆز لـە دابو دەستوری پارسان‌دا چی‌یە ؟

یەکەم ڕۆژی مانگی فەروەردین ــ ە لەبەر ئەمە ناویان ناوە « نەورۆز » چونکـە پێشەنگ و تەوێڵی ساڵە . لە بارەی نەورۆزەوە گەلێك ئەفسانە باس‌کراوە کـە هەرچەندە سەر گوزەشتەن بەڵام لە هەموویاندا ئەم باسانە بە باشـی دیارن کـە بۆچی ناونراوە نەورۆزو چەند کۆنەو تاچەرادەیەك پەیوەندی بە دەورو زەمانەی ئارییاییەوە هەیـە .

دوای ئەمە دوکتور معین دێتە سەر باسـی نەورۆزی گشتی‌و نەوۆزی تایبەتی‌و ئەڵێت « جەژنی نەورۆز تەنیا یەکەم رۆژی مانگی فەروەردین ــ ی بو تەرخان نەکراوە بەڵکو چەند ڕۆژێك بەردەوام بووە . ابو ریحان لـە ــ التفهیم ــ دا دوای ئەوەی باسـی یەکەم ڕۆژی فەروەردین ئەکات ، ئەڵێت

« هەرچی دوای یەکەم ڕۆژ دێت تا پێنجەم ڕۆژ هەر جەژنە ، لە شەشـەم ڕۆژەوە نەورۆزی تایبەتی ، یان بلێین نەورۆزی مەزن ، چونکە کار بەدەستان ـ پاشایان ـ لەو پێنج ڕۆژەدا هەقـی خـزمو کەسو کارو خزمەتکارو بەندکراویان ئەدا ، بەندکراو بەر ئـەدرا ، گوناهبار ئەبەخشـرا ، کەسێك ناهەقی‌یەکی لێ کرابایە هەقـی خۆی ئەدرایەوە دەستی • ئەوجا لە ڕۆژی شەشەمەوە دەچوونـە خەڵوەتەوەو دەستیان ئەکـرد بە رابواردنو بـادە خواردنـەوە •

بەپێی قسەی جاحظ لە « المحاسـن والاضداد » هەروەها هی بیرونی لە « الآثار الباقیه » داوە بە قسـەی ئەوانەی ئەم سەردەمانەی ئیستا دەڵێن « لە زەمانـی جەمشیددا مانگـی فەروەردیـن کراوە بە شەش بەشەوە ، پینج ڕۆژی یەکەم لەگەڵ گەورە پیاوانو پیاو ماقوڵاندا بووە ، پێنج ڕۆژی دووەم بە بەخشینەوەی پارەو پوڵو خەڵاتی نەورۆز وەرگرتن خەریك بووە، پێنج ڕۆژی سێیەم بە بەخشینەوە بەسـەر دەستو پێوەندی خۆیـداو چوارەمینیان بە کەسانی نزیك بەخۆیو پێنجەمینیان بە سـوپاوە خەریك بووەو شەشەمینیانی بـۆ ڕەعیەت تەرخان کردووە •

دوای ئەمە ئەڵێت « یەکەم پاشا کە هەردوو بەشی نەورۆزی گشتیو تایبەتی بەیەکەوە بەسـتو ڕۆژەکانی نێوان هەردوو جەژنەکەی کـرد بە جەژن ، هورمزی کوڕی شاپور بوو •

هەروەها دەربارەی نەورۆز مامۆستا شوکور مستەفا وتارێکی لـە دەفتەری کوردەواری‌دا بلاوکردۆتەوە سەر ناوەکەی « نەورۆز لە ئەدەبی گەلاندا » یە تیایا ئەڵێت(٦) « بە گوێرەی ئەو بەڵگەورێو شوێنەی کـە ئیسـتا ڕۆژ هەڵات ناسەکانو مێژوو ناسـەکانی هەموو گیتی هێناویانەتە بەرهەم وا دەرئەکەوێت کە ئاریایی نەژادەکـان حەوت جەژنی سەرەکی‌یـان هەبووە ، نەورۆز ، میهرەگان ، سەدە ، تیرەگان ، پەروەردگان ، کۆسـە ،

بەڵام نەورۆزو میهرەگـان هەرە گەورەترین‌و پیرۆزتریـن جەژنیان بووە ، دوای ئەمـە لەسەر باسەکەی ئەڕواتو ئەڵێت « یەکەم هەموو نەتەوەیەکی ئاریایی نەژاد نەورۆز بەهی خۆیـان ئەزانـن • دووەم : هەر نەتەوەیەك بە گوێرەی پلـەی قوناخی مێژوویی خۆی‌و قەوارەو چوارچێوەی هەستی نەتەوەیـی خۆی‌دای ڕشتووە •

وەدەربارەی نەورۆز لە دوای بڵاوبونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام‌دا ئەڵێت « تا ماوەیەك رەوورەسـمی نەورۆز کز بوو تا حەججاجی کـوری یوسـفی سەقەفی زۆر بە گەرمەوە ئەم رەو‌و رەسـمەی کردووە بە عادەت ، وەکـو شاکانی ئاریازەمین لە نەورۆزو میهرەگانا دەست‌و دیاری‌و بەخشینی وەرئەگرت هەروەها خەلیفە « المأمون » بایەخـی بە نەورۆزداوە ، لـە دیوەخانـی خوی‌دا باسی کردووەو دیاری تیا وەرگرتووە ، وەعەبدوللای کوری تاهیر ــ یش یەکێك بووە لەوانـەی نەورۆزیان لەناو موسوڵمانانا زیندوو کردۆتەوە ، وەلەگەڵ نووسین‌و شیعری شاعیرە گەورەکانی عەرەب‌دا باسـی نەوۆز بەرچاو ئەکەوێت ، وەکـو جەریرو بوحتوری‌و عەلی کوری یەحیای مونەججیم‌و جاحیزو مەسعودی‌و بەیرونی‌و جەوالیقی ••• وەنمونەی باسکردنەکانیانی لە وتارەکەیـدا هانیووەتەوە •

دوای ئەم پێشەکی‌یە کورتە دەربارەی سەرچاوەکانی نەورۆز ، ئەگەر سەرنج بدرێتە جەژنەکانی گەلە ئاریاییە نەژادەکانی وڵاتانـی هندسـتان‌و پاکستان‌و ئێران‌و ئەفغانستان‌و بلوشستان‌و کوردستان‌و ئازربایجان بومان دەرئەکەوێت کە گەلانـی ئەم وڵاتانە هەمـوویان نەورۆز بە جەژنێکـی خۆشـی بایەخداری خۆیان ئەزانن ، وەهەموو ساڵێك بە ئاهەنگ‌و خۆشی بیرەوەری ئەم رۆژە ئەکەنەوە • کە بەڵێ کۆڵینەوەی سەرچاوەو دیاردەکانی ئەگەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین دوولایەنی سەرەکی لە هەڵبژاردن‌و ئەم رۆژە بەجەژن کردن‌دا بەدی ئەکرێت ، لایەنێکـی سیاسی کەلە شی کردنەوەکانی

دوکتور معین‌دا بەشێکی زۆری تیا روون ئەبێتەوەو مرۆڤ ئەتوانێت پێی بگاتە بیرورایەکی نوێ . ئەویش لەوەوە هەڵ ئە هێنجرێت کە جەمشید یەکەم پاشا بووە ، رژێمێکی پاشایانەی دامەزراندووەو هاتۆتە سەر تەخت . بێ گومان بەپێی کۆمەڵە دەستوورو یاسایەك ژیان‌و گوزەرانی سیاسی کۆمەڵانی خەڵکی ئەوسای ئەو وڵاتەی رێك خستووەو چوارچێوەیەکی بۆ داناوە ؛ وە لە بەرەڵڵایی‌و پاشا گەردانی‌و بێ سەرو شوێنی رزگاری کردوون ، لایەنی دووەمی پەیوەندی راستەو خۆی هەبووە بە ژیانی ئابوری کۆمەڵانی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایانەوە گومان لەوە ناکرێت کە زوربەی هەرە زۆری خەڵکی ئەو ناوچانە ئەوسا لە لایەکەوە خێڵەکی‌یان هەر گەرۆك بوون‌و لە لایەکی تریشەوە بەرامبەر سروشت زۆر لاوازو کەم دەسەڵات بوون وەبارە نالەبارەکانی سروشت وەکو بەفروباران‌و بەستەڵەك‌و سەرماو لافاوو قاتوقری زستان باڵی رەشی هەژاری‌و کوێرەوەری‌و بێ دەسەڵاتی بەسەردا کێشاون لەبەر ئەوە داستانەکان ئەوەیان لێ دێنەپێش چاو کە خەڵکی یەکەم جار بووە چاویان بە دامەزراندنی دەستگای دەوڵەت‌دا هەڵهێناوە ، کە دیاردەیەکی شارستانێتی دوای قوناخی کۆمۆنیستی سەرەتایی ( المشاعیه البدائیه ) بووە ، وە لە وەرزی زستانی نالەباری قاتوقڕی رزگاریان بووەو پێیان ناوەتە بەهاری روناکی گەشی پڕ پیتو بەرەکەتەوە ، جگە لە بەرگە ئاڵ‌و واڵا بە گوڵ‌و نەسرین رازاوەکەیەوە ، کە دوای ئەمانە بەرگی ئاسایشی سیاسی‌و دڵنیایی ئابوری لە چاو جاران‌دا کراوە بە بەریان‌دا ئیتر چ مژدەیەك لە مژدەی هاتنی وەرزی ژیان‌و گوزەرانی پڕ خێرو بێرو داهات خوش‌ترو ، چ رۆژێك لە رۆژی دامەزراندنی دەوڵەتی رزگارکەری گەلێك لە بەرەڵڵایی‌و جەردەیی‌و بێ دەرامەتی‌و بێ ئامانی گەورەتر ئەبێت تا نەکرێت بە رۆژی جەژن‌و شادی‌و بەختیاری !؟ ٭

کەواتا جەژنی نەورۆز لای گەلانی ئاریایی لەسەر ئەم دووپایەیەوە

بایەخدارە پڕ مەبەستە دامەزراوەو خۆی بەرەو ئاسمان بە مەشخەڵی روناکەوە بەرز کـــردۆتـــەوە .

بەڵام نەتەوەی کورد جگە لەم دوولایەنە ، لایەنێکی تری بۆ خـۆی داڕشتووە کـــە چۆتـــە قاڵبی ئەفسانەی کاوەو ئەژدەهاکەوە ، کە کاوەی ئاسنگەری کورد بە یارمەتی رۆڵە رزگارکراوەکانـــی کوردی پەنا بردووە بە کێوەکانـــی کوردستانو کۆمەڵانی خەڵکـــی ئەو کۆمەڵگایە ، کەوڵەکەی کردووە بە ئاڵاو هێرشـــی بردۆتـــە سەر ضحاكو لەسەر تەخت لای بردووەو داووە ستگای تێكو پێكداوە ، هەر ئەبێ لە ناوەرۆكدا شورشی چینایەتی ئەو کۆمەڵگایە بێت کەدوای دامەزراندنی دەوڵەتو پەیدابوونی فەرمـــان رەواو فەرمان پێکـــراو ( الحاکم والمحکـــوم )و زۆردارو زۆر لێکـــراو هەڵگیرسابێت .

بێ گومان ئەم جەژنـــە وەکـــو هەموو جەژنەکانی تری ئەم گەلانەو هی هەموو گەلانی تری جیهان ، وردە وردە بووە بە بەشێك لە میراتو کەلەپوری مێژوویی رۆشنبیریو نەفســـی خەڵکەکە . وەلایەنە سیاسیو ئابوریەکانی بەپێی هەڵو مەرجـــی نوێو پێشکەوتنی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی دوای تێ پەڕبوونی سەدانو هەزاران ساڵ بەسەر دامەزراندنیا ، ئەو بەرگەی جارانی لێ داماڵراوەو بە بەربەگێکی نوێوە هاتۆتە کایەوەو لە جەژنـــی چینو کۆرو کۆمەڵێكو جەژنـــی چاخو زەمانێکـــی دێرینەوە بووە بە جەژنی هەموو گەلو هەموو چینێك ، بووە بە جەژنی ئاشتیو ئاسایشو بەختیاری . سەبارەت بەوەی نەورۆزی ئاریایی رەگەز بەگشتیو نەورۆزی کورد بـــە تایبەتی ئەفسانە پۆشکراوە ، پێویستە هەندێك دەربارەی ئەفسانە بدوێینو بزانین ئەفسانە پۆشـــی هەر رووداێکی مێژووییو کۆمـــەڵایەتـــی گەلو نەتەوەیەك ، بوونو راستیتی ئەو رووداوە بن بۆشو پوچەڵ ئەکاتەوە یاخود بۆی ئەبێت بەبەڵگەو پشتیوانێکی تری لە کۆڕی شی کردنەوەو لێکدانەوەو پێ سەلماندندا ؟!

# خەیاڵو ئەفسانە پۆشي رووداوە مێژوویەکانی گەلانو جیهان

خـەیاڵو ئەفسانـە پۆشـی رووداوە مێژوویەکانـی جیهان ، دوو سەرچاوەی سەرەکییان هەیـە ، کـە هەردووکیان تارادەیەکی زۆرو دیار پەیوەندییان بە یەکتریەوە هەیـە •

سـەرچاوەی یەکەم ئەگەر لە ناخی مێژوو بکوڵینەوە یاخود بەرەودواوە بڕوانین ، واتە سـەیری ڕۆژانو ساڵانی پێش پەیدا بوونی فەلسەفەی پوخت پاراو بکەیـن ، پێش دامـەزراندنـی شارستانییەت لە نێـو گومەڵگای مرۆڤایەتیدا ، بومـان روون ئەبێتەوە کاتێك مـرۆڤ بیری لـە بـوونو گەردوونو گیتیو ژیانو مردنو رووداوە دیارو نادیارەکانی دەوروپشتی خۆی کردۆتەوە ، ئەوەنـدە سەختو دژوارو گرێ هاتونەتە پێش چاوی لە ئاسـتیانا دەستەوسانو حەپەسـاو وەستاوە • خۆ نەجێگا ( المکان )وە نەکات ( الزمان ) هەڵ ئەلوشرێنو رائەگیرێنو نە ڕۆژو مانگو ئەستێرە لە سوڕاندنەوەو خولاندنەوەو بزوتن پەك ئەخریـنو نە لافـاو گەردەلولو هەورە تریشقەو بومەلەرزە بێ وزە ئەکرێنو نەهاتنە سەرزەمینو چوونـە ژێر زەمینەوە لە ئاستی خۆیاندا ڕائەگیرێن بۆیە مرۆڤ بە ناچاری لە توێی ئەو هەلو مەرجەی لە بەردە ستیدا بووەو بە پێی پلـەی پێشـکەوتنو ئەندازەی شارستانێتی ئەو کاتە پەنای بردۆتە بەر خەیاڵو ئەفسانە ، تاکـو نیوەو نیوە چڵ ئەو دیاردەو رووداوە سروشتییە گرێ گرێ یاویو نادیارا

نەیان پێ لێك بداتەوەو بیان‌خاتە چوار چێوەیەکەوە کەلە لایەك ئاوێنەی کارو کردەوەی خۆی بێت‌و لە لایەکی‌تریشەوە لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەوساداو بۆ ئەوەی داهاتوی ئەو کۆمەڵگایەش ئامرازێی ڕێك‌و پێکی پێ سەلماندن بێت .

بەڵام سەرچاوەی دووەمی لەوەدا خۆی ئەنوێنێ کە مرۆڤ بە سەلیقە حەز بەرازاندنەوەو جوان پۆشی‌و گەورەکردن‌و پێوەنان‌و خەیاڵ‌و ئەفسانە پۆشی ئەکات . ئەم دیاردە خواکردە توندو تۆڵ بەمرۆڤەوە لکاوەو لێی نابێتەوە . هەر لە سەرەتای مێژووی ئادەمزادەوە تا ئیستاو هەتا مرۆڤ بە سەرزەمینەوە بمێنێت ، ئەم دیاردە نەفسی‌یە بە شێك ئەبێت لە ژیانی مرۆڤ ، گەوهەرو ناوەرۆکی هەر لە جێگای خوی‌دا ئەبێت‌و شێوەو دەربڕینی لەگەل پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌دا پەرە ئەسێنێت‌و گەشە ئەکات .

هەر دەربارەی سیحرو تەلیسم لەهەزاران ساڵ لەمەو بەرەوە تائێستا لە کۆنترین جێگاو کاتی ئەم سەرزەمینەوە تا چاخی مانگی دەست کردوو پێشکەوتووترین ولاتی خاوەن زانستی تەکنۆلوجیای ئێستامان لە ئەوروپاو ئەمەریکادا ، کە ساتێکی زۆر ، ژیان‌و گوزەرانیان کەوتۆتە سەر ئەم بابەتە دیاردەیەو ملیۆنان کەسیش بە ئارەزوو ویستەوە دووی ئەم بابەتە کەوتون‌و چێژی لێ وەرئەگرن . خۆ ئەدەب‌و هەڵبەست‌و چیرۆك‌و رۆمان ، گەر بەهەستی خەیاڵاوی نەرازینرێنەوە ئەوا وەکو لاشەیەکی بێ گیان ئەکەونە بەردەستی خەڵکی ! . عەرەب دەربارەی شیعر ئەڵێت « ابلغه اکذبه » واتا تا خەیاڵ پۆش‌تر بێت خۆش‌و بەتام‌و پێزتر ئەبێت . نزیکەی سێ هەزار ساڵێك لەمەو بەر ، یان راست‌تر پێش ئەوەی فەلسەفە بە واتای راستی خۆی لە بیرو هۆشی مرۆڤ‌دا گەلاڵە ببێت ، شارەزایان‌و پیاوچاکان‌و پیاو ماقوڵان‌و ڕێ نیشاندەرانی کۆمەڵانی خەڵکی

ئەم کوچەو ئەو کوچەی جیهان ، هەمیشـە بیروراو وتوویژو ئامۆژگاریو ڕێبازی ئایینی جۆر بەجۆری خۆیان بە خەیاڵو ئەفسانەو پێ لـێ هەڵبرینو بۆ دروست کردنو گەورەکردنەوە ڕازاندۆتەوە ، وەئەم جۆرە قەوارەیەیان کردووە بـە شێوەیەکی ڕەنگینی خۆش مەزەی بیرورای باسەکەو بە ئاسانی لە هۆشو هەستو مێشکی خەڵکیدا جێگایان پێ کردۆتەوە • هەر وەکو ئێستاش هەر لە فلیمی کارتۆنی منالاّنو فلیمی تەرەزانەوە تا فلیمە زانستییە دوا ڕۆژ باسـەکانـی نووسەرە گەورەکانـی ئەوروپادا ئەوجا هەڵبەستی شاعیرو چیرۆك نووسـان لە چاخـی ئاسـمان گەردانـدا ، ئەو بەرهەمانەیان لە پێش‌ترو بازاڕ گەرم‌ترە کـە پتر بە خەیاڵ ڕازێنراونەتەوە تا ئەوانـەی ڕووت‌و قووت وەکـو هەن ئەخرێنە پێش چـاو • کۆن‌ترین قوتابخانـە کـە قوتابخانـەی مێژوویـی[٧] لە کۆڕی ئەفسانە شـی‌کردنەوەدایـە Historical School لای وایە کە ئەفسـانە چیروکێکە باسـی هەندێ ڕووداوی گرنگـی مێژوویی ئەکـات کە پەیوەندی بە ژیانـی میللەتێکەوە هەبووە • وە لە ترسی ئەوەی ئەم ڕووداوانـە بیر بچنەوە ، بە هەنـدێ دەستکارییەوە خراونەتە قەوارەیەکـی چیرۆك ئامێزی ڕەونەق دارەوە •

ئەم قوتابخانەیە کـە شیشرۆنو تەشە پیرۆز ( القدیس ) ئوگستین پێشرەوانی بوون هەوڵو تەقەللایەکـی بێو چانی لە پێناوی ساخ کردنەوەی ڕێڕەوی خەرافات‌و ئەفسانەدا داوە • سەرچاوە مێژوییەکانی ئەفسانەکانی ئەدۆزییەوەو ئەی‌کرد بە بناخەی خودی مێژووی ئەوگەلانە •

نیکولا میکافیللی[٨] لە دوو بەرەکـی لە پێناوی دەسـت خسـتنی دەسەلاّت‌دا لە ئیتوگریکە کۆنەکاندا شی ئەکردەوە گومانی لە دڵدا نەمابوو کە خەڵکـی بەهۆی دروست کردنی ئەفسانەوە مێژووی خۆیان دروسـت ئەکـەن •

وەژ • گ • فرێزەر کـە شارەزاو پسپۆری چاخـی خۆی بـووە

دەربارەی تیۆری‌یە جۆر بە جۆرەکان ئەڵێت[٩] « هەموو ئەو کەسانەی کە لە چیرۆکـە خەیاڵاوی‌یە سەیرەکاندا هەن لەوانەن کەسانی راستەقینە بـن وەکـو کەسانی قوتابخانەی مێژوویی بۆی ئەچن • هەروەکو بە پێی قسەی ناحەزانـی ئەم قوتابخانەیـە لەوانەیە لە بریتی شتومەكو دیاردەکانـی سروشت‌کار خرابێتە ئەو قاڵبەوە • »

هەروەها لە فەرهەنگی کلاسیکی ئوکسفوردی ساڵی ١٩٧٠دا ئەفسانە بەم جۆرە لێك‌دراوەتەوە[١٠] « ئەوەی ئەفسانە رێك ئەخات هۆشیارانەو لە قاڵبێکی خەیاڵاوی‌دا هەوڵ ئەدات دیاردە راستەکان یاخـود چاوەروان کراوەکان لێك بداتـەوە » •

مالینوسکی دەربارەی ئەفسانە ئەڵێت[١١] « تۆوی داستانو چیرۆكو تراجیدیای داهاتوو لـە ئەفسانەدایەوە لەگەڵ ـ فیکیری ـ دا هاوبروایـە کە ئەدەب لە رووی مێژوویی‌و سایکولوجی‌یـەوە لـە ئەفسـانەوە دێتە دەرەوە • »• هەروەها دوکتور زەبیح‌الله صفا ئەڵێت[١٢] « ئەو داستانو رۆمـانانەی کـە بەرواڵەت لـە خەیاڵو خەرافات ئەچـن ، راستی‌یەکەیان باس‌و خواسێکی مێژوویی و راستن کە بە هۆی ئەوەی ڕۆژانو رۆژگارو ساڵەهەی ساڵیان بەسەرداتێ پەریوە بەو شێوانە هاتونەتە بەرچاو •

واتا رووداوی خەرافاتو ئەفسانە پۆش ، درۆو دەلەسەو هەلبەستی بێ بناخـەو چیرۆکی دروست کراوی لە نەبووەنین ، بەڵکو سەرچاوەیەکی راستو نیوە راستن‌و خراونەتە چوارچێودو بەرگێکی ئەوتۆوە ، هەریەکە لەکاتو شوێن‌و چاخـی مێژوویـی تایبەتی خوی‌دا بەو شێوەیـەو لـەو چوارچێوەیەدا رازێنراونەتەوە ، تاکـو بە ئاسانی‌و بێ گیروگرفت کۆمەڵانی خەڵکی ئەوکـاتو شوێنە تام‌و چێژی لی وەربگرن‌و بروای پـێ بکەن‌و بی‌کەن بـە سەرمەشقی رەوتی ژیانو گوزەرانی خۆیـان • هەروەها پێش ئەوەی پێغەمبەران ( درودی خودایان لێ بێت ) خـودای تاكو تەنیا بـە

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بناسێنن ، خەڵکی سەرزەمین لەم کوچەو لەو کوچەیەدا چەند خوداوەندێکیان پەرستووە ، وەکو خوداوەندی ڕۆژو مانگ‌و ئەستێرەو ئاوو دەریاو لافاوو ئاگرو پیتو بەرەکەت ، کە هەندێ جار خوداوەندێك لە شابانویەکدا خۆی نواندووە ، کە خوداوەندی پیتوبەرەکەت‌و نەوە لێبوونەوە بووە وەکو عوشتار .

ڕاستە ئەمانە هەموویان فڕیان بەسەر خودایەتی‌یەوە نەبووەو نی‌یە ، بەلام ئەوراستی‌یەش هەیە کە ڕۆژیان دەریا پارچە پەڕۆیەکی بێ خێرو بێرنین لە خوتو خورایی دەستی ڕێزیان لێ نرابێت‌و ئەو پایە بەرزەیان خەڵات کرابێت ! .

بێ گومان ئەو بووانەی دەستی ڕێزیان لێ ناون‌و خستویاننتە ئەو ئاستەوە ، پڕ خێرو بێروبەرەکەت بوون یان بە سام‌و ترسێنەر بوون . تیشکی ڕۆژیان کردووە بە نیشانەی پیتوبەرەکەت‌و ئاشتی وداد پەروەری دژی تاریکی کە نیشانەی زوڵم‌وزۆرو چەوسانەوەو دەست درێژی‌و نالەباری نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بووە . حامورابی ۲۰ سەدە پێش زایینی دەستورەکەی خۆی بەپێی ئەو پەیکەرەی لە کتیبە مێژووییەکاندا ئەیبینین لە خوداوەندی ڕۆژ وەرئەگرێت . چونکە ڕۆژ گەورەی هێزەکانی‌ترو هۆی پەیدا بوونی دانەوێڵەو میوەو بەرهەمە کشتوکاڵی‌یەکان بووەو دیویانەکە ڕۆژ دەرکەوتووە ئەستیرەکان لە ئاستی‌دا خۆیان شاردۆتەوە .

هەروەها وەکو بابە شێخو[13] ئەڵێت لات ( واتا بتەلات ) بە پێی قسەی کۆنە ناسەکان ئەستێرەی زوهرە بووە هێرو دوتسی چیرۆك نووسی یۆنانی ئەڵێت « عەرەب ئەستیرەی زوهرەیان پەرستووە کە پێی ئەڵێن Alitta یان Alil At کە سوك بێژکراوەو بووە بەلات . دوکتور خاتو نەبیلە ئیبراهیم دەربارەی ئەفسانە لە پاش شی‌کردنەوەی بیروڕای ــ ئەندو لانج ــ گەیشتۆتە ئەم بۆچوونەو ئەڵێت[14] « ئەفسانە

ئارەزووی ناوەوەیەو لە چوارچێوەیەکــی مەوزوعیانــەدا دائەڕێژرێت ، ئامانجیش پاراستنی مرۆڤە لــە ترس‌و نائارامی » • وەقوتابخانەی یۆنجی کە بەناوی زانای نەفسی یۆنج ـ ەوە ناونراوە لای وایە کە خەوو ئەفسانە ناکۆکی نەفســی لا بەلا ئەکەن • وەداڕێژراوی نەفسی‌یەتی کۆن لە مرۆڤدا پاڵ بە مرۆڤەوە ئەنێت کــە لە پێناوی لەنگەر لە خۆتێك نەداندا ( التوازن الشخصی ) کۆسپە بێ خێرەکان تەفروتونا بکات • هەروەها ئەم قوتابخانەیە لای وایە کــە ئەفسانە سەبارەت بەوەی لە لایەن کۆمەڵگاکــەیەوە پەسند کراوە ئیتر لە دڵ‌و دەروونی ئەو کۆمەڵگایەدا شوێنێکی هەمیشەیی‌و نەمر بــۆ خۆی داگیر ئەکــات • وەلیڤی شتراوس[١٥] ئەفسانە بەم چوار پایەیەی خوارەوە ئەبەستێتەوە :

١ ـ ئەفسانە چیرۆکی بێ سەروبن نی‌یــە ، بەڵکو لە ئەقڵــی مرۆڤدا دەژی •

٢ ـ نابێ ئەفسانە پارچە پارچە شــی‌بکرێتەوە بەڵکــو ئەبێ هەمــووی بەسەریەکەوە بخرێتە ژێرتیشــکی لێ کۆڵینەوەوە •

٣ ـ بۆ ئەوەی لە ناوەرۆکی ئەفسانە بە باشــی تێ بگەیــن پیویســتە هەردوو لایەنەکەی ئەفسانە چ ئەو لایەنەی رووداوی ئەفسانەکــە بایەخدار ئەکات ، یان ئەوەی بێ خێری ئەکات لەتای تەرازووو بدەین ، ئەوســا بەرونــی ناکۆکــی نێوان بەردەکانــی بناخەی ئەفسانەکــە ئاشــکرا ئەبێت •

٤ ـ کە زیادە رۆیی لە بایەخ پێدان بە ئەفسانەکە کرا یان زیادە رۆیی لــە بەهیچ زانینی‌دا ئەوا ئەم ناکۆکی‌یە هەردوو لایەنەکە بەرەو چــارە سازی‌یەکی مام ناوەندی کێش ئەکات وەکو ناکۆکی نێــوان ژیان‌و مردن‌یان سروشت‌و شارستانێتی یان حەلاڵ خۆری‌و حەرام خۆری •

دوکتور خاتو نەبیلە ئەڵێت[١٦] « ئادەمزادی کۆن لە قۆناخێکی ژیانی

خودی‌دا بە هۆی ئەفسانەوە بیروڕای خۆی دەربڕیوە ، لەبەر ئەوە بەراستی ئەفسانە بەرهەمێکــی یەك‌گرتووی زانستی مرۆڤایەتی‌یە •

ئالەم پێشەکی‌یەدا بۆمان دەرئەکەوێت کە لەوکاتەی نەورۆز کراوە بە جەژن‌و ڕۆژێکــی دیارو پیرۆز ، چ لە نێو سەرجەم گەلانــی ئاریایی‌دا ، یاخــود لە دوایــی‌دا وەکــو جەژنێکــی نەتەوایەتی لە نێو گەلی کورددا کە نێوانیان چەنــد هەزار ساڵێکەو پێشوونەکەی ئیجگار کۆنــە ، هــەر ئەبوو بەداستانی ئەفسانەو خەیاڵ پۆش برازێنرێتەوە هەردوو لایەکەشــی تێ‌دا ڕەچاو بکرێت ، خێرو شــەڕ ، چاکــەو خراپە ، روناکی‌و تاریکی ، زوردای‌و داد پەروەری •••

ئیتر دوای ئەم کورتە باسە دەربارەی ئەفسانە دێینە سەر بەشی دووەمی باسەکە کە شی‌کردنەوەی نەورۆزی کوردو کوردستانە •

پێویستی‌و بایەخی ئەم باسەش لەوەدایە کە بیروڕای دژ بــە نەورۆزی پێ لەچاڵ بخرێت ، چ هی ئەومێژوو نووسانــەی لە ڕەوتــی بزوتنەوەی بەرەوپێش چووی ئادەمزاد تی نەگەیشتوون چ هی ئــەو نووســەرانەی بەدەســتی ئەنقەست نەورۆز لە کەدار ئەکەن‌و جارێك ئاگرەکەی ئەکەن بە هی مەجوس‌و جارێك داستانی کاوە ئەکەن بــە داستانێکی هەڵبەستراوی خەیاڵ پۆشی بێ بناخەو پایە ! • جگە لەم لایەنەش پێویســتە چەند خاڵێکی گرنگی‌تریش دەربارەی نەورۆزی نەتەوەی کورد ساخ بکرێنەوە کــە نووســەران‌و مێژوو نووسانی بێگانە لە کوردیان دزیون یاخــود پەردە پۆشــیان کردووە •

# نەورۆزی کوردو کوردستان

پێش ئەوەی نەورۆزی کوردو کوردستان لە تۆیی وێژەو هەڵبەستو چیرۆکو فۆلکلوری نووسەرانو شاعیرو چیرۆک نووسانو ئەدیبانی کورددا باس بکەیـن ، دەسـت ئەدەینە لایەنە مێژوویەکەیو بـەدوای سـاخ کردنەوەی ئەو خاڵانەدا ئەگەڕێین کە ویستراوە بە ناهەق بەسەر پۆشێکی رەش داپۆشـرێن •

ساخ کردنەوەی ئەو خاڵانەش ئەم راستییانەی خوارەوەمان بـۆ روون ئەکـەنـەوە :

١ ـ رەسەنـی جەژنی نەورۆز لە مێژووی کورددا •

٢ ـ پەیدا بوونی داستانی کاوەی ئاسنگەر لە سەر چاوەیەکی مێژوویەوە •

٣ ـ موتور بە بوونی نەورۆز بە داستانی کاوەو دەق گرتنی نەورۆزی کورد لەم بەرگـەگرنگەو بایەخدارەی ئیستایدا •

وەکـو لە بەشـی یەکەمدا باسـمانکرد جەژنی نەورۆز ، جەژنێکی زۆر کۆنی گەلانـی ئارییەو جەژنی دامەزراندنی یەکەم سیستەمی دەوڵەتە لە نێو بەشێکـی وڵاتی ئەم گەلانەدا • کەواتا ئەو رۆژەی دەوڵەتی تێدا دامەزراوەو خەڵکـی لەسەر گەردانی وبێ یاساییو نائارامیو نەبوونـی رزگاریان بووە وریزی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا رێک خستووە ، ئەو رۆژەیان کردووە بە جەژن • وەگەلی کوردیش لـەم رۆژە مێژوویە



هەواڵنامەی کتێب

بایەخدارەدا بەشدارە ئەگەر هەر خودی جەژنەکەبە بۆنەی دامەزراندنــی دەولەتەکەوە لە خاکــی خوی‌دا نەهاتبێتە کایــەوە •

بەلام سەرەڕای رەسەنی ئەم رۆژە مێژوییە لە تێوگەلی کورددا کــە لە مێژوودا بــە دامەزراندنی بەردی بناخەی شارستانێتی لە قەلەم ئەدرێت ، بە بەسەرهاتێکی گرنگی تایبەتی موتور بەو نوێ کراوەتەوە ، بەرگێکــی پێشکەوتن خوازی بالا نرخی لەبیر نەچووەوەی‌تری کراوە بە بەردا کــە لە تێوگەلانــی ئاریایی نەژاددا نیشانەی لێ‌هاتوویی‌و خۆپێوە هەلکێشان بێــت •

بێ‌گومان دوای دامەزراندنی دەولەت ، فەرمانڕەوایان‌و دەسەلاتداران بە درێژایی زەمــان یەك بە دوای یەك‌دا جێگای یەکتری‌یان گرتۆتەوە ، لەم فەرمانرەوایانەشــدا چاك‌و خراپ‌و ژیرو سەرسەخت‌و زۆردارو دادپەروەر بە پێی کیش‌و پێوانەی ئەو کاتانە هاتونەتە ســەر کارتا لــە کوردستان‌دا سەرەگەیشتۆتە سەر ضحاك ( ئەژدەهاك ) کە وەکو وتراوە لــە ڕۆژ ئاوای خاکــی ئاریاییەوە هاتۆتە ئــەم ولاتــەو جلەوی کاری گرتۆتــە دەست‌و بەزە بروزۆرو خوێن ڕێژی فەرمان رەوایی کردووە تاکاوەی ئاسنگەر پشت بە جەماوەری کــورد لــە رۆژی هەل بژێرراوی نەورۆزدا لێی ڕاپەریوەو ضحاکی خەریك بوو بەبادەو کەیف‌و سەفاوەی خافل گیرکردووەو لەناوی بردووەو شازادە فەرەیدونــی دور خراوەی لە جێگای ضحاك خستۆتە سەر تەخت • واتا ئەمــە شۆرشی دوای دەیان سەدان سال بوونی نەورۆزو لــە رۆژی نەورۆزدا ئاگری هەل گیرسێنراوەو بــەم کــارە پایەیەکــی بەرزو بایەخداری تری لە مێژووی نەتەوەی کورددا خستۆتە ژیر تەلاری ئەم ڕۆژە پــیرۆزەوە •

ماموستا عبد الرحمن زەبیحی لە ڕۆژنامەی هاوکاری‌دا وتارێکی بــە ناوی «باتەپوتۆزی سالان لە نەورۆز بتەکێنین» بلاوکردۆتەوە تیایا ئەلێت(١٧)

فیردەوسی لە شانامەدا جەژنی نەورۆز دەباتەوە زەمانی جەمشیدی جەمو ئەڵێ : جەمشید کە هاتە سەر تەخت لە پێشدا ئاسنی نەرم کردوو کڵاوو خودەو زرێو خەفتان ورەختی دروستکرد ، پاشان لە کەتانو ئاوریشمو کەژوومو قوماشیتەنی ، دوایی خەڵکی فێری خۆشتن ودرومانو جل لە بەرکردن کرد ••• فەرمانیدا بە دێو بەخشتو بەردو گەچ خانوو ، حەمام ، کۆشك ، هەیوان دروست بکەن ، زانستی حەکیمی داهێناو کەشتیی دروست کرد ، دوای ئەوە تەختێکی جەواهێر بەندی بۆ خۆی دروستکرد ، دێو هەڵیان دەگرتو دەیانبرد بۆ ئاسمان ، خەڵکی لێی کۆ بوونەوەو کردیانە جەژنو شایی •••

دوای ئەمە لەسەر وتارەکەی ئەرواتو ئەڵێت ، جەمشید کێ بووەو لەکوێ بووە ؟ لە وەڵامی پرسیارەکەی خۆیدا ئەڵێت •• فیردەوسی بە پاشای چوارەمی بنەماڵەی پێشدادی دا دەنێ کەلە قەڵاتی ئیران یەکەم جارپاشایەتیان کردووە ، ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئارکیۆ لۆژی (آثار)وا نیشان ئەدا کە یەکەم بنەماڵەی پاشایانی مادد بوون وەبەم جۆرە پێشدادیو میدیا هەردووکیان دەبنە یەکەم بنەماڵەکە لە قەڵاتی ئیرانا پاشایەتیان کردووە •

ئەگەر سەرنجێك لە وڵاتی بنەماڵەی پێشدادی بدەین بە پێی باسەکەی فیردەوسی بۆمان دەردەخا کە ئەم وڵاتە « ماددی گەورەو پچوك » ئەگرێتەوە •

دوکتور محمد معین دەربارەی جەمشید دەڵی « ••• لە داستانەکانی میللەتی ئیمەشدا یەکێکە لە پاشایانی بنەماڵەی داستانی پێشدادی وەکو ئاویستا دەڵی یەکەم کەسە کە ئاهورامزدا دینی خۆی پێ سپاردووە ••• » •

ئیتر ماموستا زەبیحی لای وایە کە مادد درێژەی پێشدادین وەکوردیش درێژەی ماددن بەو پێیە جەمشید بەکورد دائە نێت ئنجا لەسەر

باسەکەی ئەرواتو ئەڵێت پورداود ئاویستازانی بەناو بانگ لە کتێبی یاددا۔ شتهای گاتهادا کە تەفسیری بەشێکی ئاویستایە دەربارەی جەمشید ئەڵێت «... پاش ئەو کارانە ، مەبەست ئەو کارانەیە کە جەمشیدکردوونیو لە سەرەوە باس کراون ـ بە فەرمانی خودا رووی کردە پردی ـ چینود ـ لەوە دنیاداو دەرگای جەهەننەمی داخست ، لە زەمانی پادشایی ئەودا هیچ کەس نەمرد ، لە رۆژی شەشەمی خاکەلێوە کە یەکەم مانگی بەهار ئەگرێتەوە دەرگای جەهەننەمی داخست ، ئەهریمەنو دێوانی خستە بەندی خانەوەو گەرایەوەو خوی کردە پاشاو تاجی لەسەرنا . خەڵکی پیرۆز باییان لێ کردو بەو رۆژەیان وت نەورۆز . پاش ماوەیەك جەمشید داوای خودایەتی ئەکاتو خوداش تەختو تاجی لێ وەردەگیریو ئەژدەهاکی بەسەردا زاڵ دەکا .

ماموستا زەبیحی پشت بە فیردەوسیو دوکتور معین باسەکەی گەیاندۆتە ئەو ئەنجامە کە بڵێ کورد خاوەنە رەسەنەکەی نەورۆزە . هەرچۆنێك بێت لەم باسانەدا وا دەرئەکەوێت کە نەورۆز بە بۆنەی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی پێشدادیەوە هاتۆتە کایەوە کە ئەوانیش باپیرانی مادنو ماد ـ یش بە باپیرە گەورەی کورد لە قەڵەم ئەدرێن .

ئەگەر سەرنجێکی وردی وتەکانی فیردەوسی بدەین گورج ئەو راستیەمان بۆ دەرئەکەوێت کە ئەو ئامۆژگاریانەی جەمشیدو فەرمانەکانی بۆ خۆشتنو بەرگ پۆشینو خانوو حەمام دروستکردنو زانستی نەخۆش چاك کردنەوەو ... کردوونی هەمووی کەرەسەی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی رێكو پێكو خاوەن یاساو بەسەرو شوێنە واتا بناخە دامەزراندنە بەرەو شارستانێتیو دەوڵەت پێکهێنان . دیارە لەوەپێش خەڵکی هێشتا رووتو نیوە رووت بوونو لە کەژووکێوو ئەشکەوتەکانا ژیاونو خۆشتنو خۆچارەکردنیان نەزانیوە ، کە ئەم

ئامۆژگاریو فەرمانانە هەموویان نیشانەی گواستنەوەی کۆمەڵگان لە کۆمونیستی سەرەتاییەوە بۆ قوناخێکی پێشکەوتووتر ، قوناخی دامەزراندنی دەوڵەتو شارستانی یەتو دابەش کردنی کارو زۆربوونی بەرهەم ، پەیدابوونی پیشەسازو حەکیمو وەرزێرو پاسەوانو ... کە ئیستا پێی ئەڵێن قوناخی کۆیلەیی . ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە ئەو کاتە چ پێشدادی یەکان وە دوای ئەوان مادەکان کە دەست رۆیشتووبوون جگە لە گەلی کورد پاشایەتی چەند گەلێکی تری ئاریایی نەژادیان کردووە ، وەلەبەر ئەوەی گیانی نەتەوایەتی بەهۆی پایە نزمی قوناخی پێشکەوتنی کومەڵایەتی ئەوسایانەوە نەگەیشتۆتە ئەو پایەو ئاستەی کە لە پەرەپێدانی بورژوازی یەتو پێشکەوتنی پێوەندی سیاسیو ئابوری یەکانی ئەم سیستەمە ژیانەدا قاڵب ئەگرێت ، بویە ئەم رووداوە بووە بە جەژنی هەموو گەلانی خاکی ئاریایی نەژاد وەخێوەتی ئەم جەژنە هەموو گەلانو خاکی ئاریایی گرتۆتەوە .

کەواتا لێکۆڵینەوەکانی پێشو دوو خاڵی گرنگمان بۆ دەست نیشان ئەکەن ، یەکەمیان نەورۆز لەگەڵ دروست بوونیو دامەزراندنی یەکەم پاشانشینی جەمشید ، واتا یەکەم دەوڵەتی پێشدادیدا دامەزراوەو پەیدابووە ، ئنجا بەدوای ئەواندا لە شێوەیەکی نوێو پێشکەوتووانەتردا بووشە بە جەژنی ئیمپراتوری یەتی مادد . دووەم کورد لە هەموو گەلە ئاریایی نەژادەکانی تر زیاتر خاوەنی رەسەنی ئەم جەژنەیە .

ئەوجا دوای سەلماندنی ئەم راستی یە باسێکی تر دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە کە سەرکەوتنی کاوەو شکستی ضحاك نەورۆزی کوردیان کردووە بە دوو جەژن یان راستتر بە سێ جەژن . جەژنی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت لە نێو کومەڵگای کوردو گەلە ئاریاییەکانی تردا . دووەم کە هەر خۆی خراوەتە یان کەوتۆتە یەکەم رۆژی بەهاری کوردستانەوە ،

که ڕۆژی راوه دوونانــی زستانی ساردوسڕو بەستەلۆكو بێ کاریو بێ پیتو بەرەکەتو قاتو قڕیبووه • لە چاخــی ئەوسای کوردستاندا زستان بێ دەرامەتیو بێ دەسەلاتیو بێ چارەیی لەگەل خویدا بۆ کیش کردوون • وەکــو لــه پێشەوه باســمان کــرد که دوکتور محمد معین ئەلێت لــه پێشەوه سال دوو وەرز بووه ورزی زســتان ده مانگو وەرزی هاویــن دوو مانگ ، وەواش دەرئەکەوێت که نەورۆز له دوای تەواو بوونی ئــەو زستانه دوورو درێژه سەخته یەکەم جار پەیدا بوو بێت که وەکو له کتێبی « العصر الجليدى البلاستوسينى فى كردستان »دا ئەلێت[١٨] •

« ئەگەر به پێی چیای ئالب ڕۆژانی دوای بەســتەلۆك بوونــی کوردستان بەراورد بکەیــن ، بێ گومــان ئەبێ بریاربدەین که ئاووهەوا پێش ( ١١٠٠٠ تا ٩٠٠٠ ) سال ڕۆژانی ساردی تیا تەواوبووه وەخانه سەهۆلی کوردی سەبارەت بەوەی لەهی ئالپی پچوكتر بووه ، گوڕڕانی ئاوو هەوا له بارێکــەوه بۆ بارێکیتر زیاتــر گۆڕیوێتی ••• مێژووی شارستانێتی چاخی بەردینی ژووروی کۆنی ماوەی تیشکی کاربۆنی ئەو ماوەیەی ئــەم دوایيەی پێش مێژوو له چیاکانو دامێنی چیاکانی کوردســتاندا نیشانەی ئەوەیــە که مرۆڤ پێش ١٢٠٠٠ سال لەم خاکەدا ژیاوەو له ئەشکەوتەکاندا ژیانــی بەسەر بردووەو بەڕاو شکارییەوه خەریك بووه بەلام پێش ١١٠٠٠ سال له جێگای بەربەرەلالادا Open Sites لەم چیایانــەدا وەکو چەمــی شانەدەر ژیاوه • هەروەهــا لــه دامێنی شاخەکــاندا وەکــو ( کەریــم شــار ) نزیك جەرمۆی ئەو دیو کەرکوك • ئەمەش مێژووی ســەرەتای دست پێکردنی کشتوکاله له چیاکانــی کوردســتاندا کــه دوای ئــەم ماوەیه بــه دووسێ هەزار سال کۆمەلگای دێهاتــه کشتوکالییەکان وەکو کۆمەلگای جەرمۆ پێشکەوتووه بەم پێیه لەسەر باسەکەی ئەرواتو ئەلێت « له ئەنجامدا نووسەر لەو بڕوایەدایه نیشانەی دروســت بوونی خانــه

سەهۆڵ لە چیاکانی کوردستاندا ئەوە ئەگەیەنێت کە ئاووهەوای چاخـی پلاستوسین لەم چیایانەدا تاگردو هەڵەتەکانی رەنگە ساردو باراناوی‌تـر بووبێـت •

بەڵام ئەتوانین بگەینە ئەو باوەرەی کـە پێش ۱۱۰۰۰ ــ ۹۰۰۰ ساڵ کە کشتوکاڵ کراوەو دێهات لە کوردستانا دامەزراوە لە دوای گۆرانـی دەوروبەری سەهۆڵ بەندانبووەو ئاووهەوا وەکو هی ئیستای لێ هاتووە »• ئالەم کورتـە پێشەکی‌یەی سـەرەوەدا دوو راسـتی‌مان بۆ دەرئەکەوێت یەکەمیان ئەوەیە کـە نەورۆز پێش دامەزراندنی کونترین رژیمی شایەتی فارس بەلای‌کەمەوە بەدەیان سەدان ساڵ دامەزراوە • کە لە دوای تەواوبوونی چاخـی بلاستوسینی هاتۆتە کایەوەوە سەبارەت بەوەی رژیمی پاشایەتـی ماددەکـان ( میدیا ) لە رژیمی پاشایەتی فارس کونترە بۆیە گومان لەوەدا نامێنێت کـەهەر کورد ئەبێ یەکەم خاوەنی ئەم جەژنـە بێت •

دووەم راستی ئەوەیە کە لە سەرەتای چاخـی دوای بلاستوسینی‌دا ئنجا خەڵکـی وردە وردە نیشتە جێبوونو فێری کشتوکاڵ کردنو ماڵ داریو ئاژەڵ بە خێوکردن بوونو کۆمەڵگای نیمچە گەورەیان بۆ خۆیان پێکەوە ناوەو بیریان لە کار دابەش‌کردن ( توزیع العمل ) کردۆتەوە یاخـود بە سەریاندا سەپێنراوە ، کەبووە بە سەرەتای پەیدا بوونـی دەوڵـەتو پەیدابوونی خەباتی چینایەتی‌و دامەزراندنی شارستانێتی وەکو جەمشـید هەولی بـۆ داوەو هاووڵاتیانـی ئەوسای خۆی هان داوە بکەونە سەر ئەو رێو شـوێنە •

ئیتر بەم پێیە نەورۆز دوای رۆژانێکی زۆر سەختو گران کە ژیان تیایا ئیجگار قورسو دژواربووە هاتۆتەکایەوە ، کۆمەڵگای ئەو کاتـە تیایا پێی ناوەتـە وەرزی بەهاری رەنگینی گوڵو نەسرینو نێرگزو گوڵاڵـە سورەی دەشـتو کێوانو ئاووهەوای سازگارو پیتو فەرو بەرەکەتـی

خاکــی کوردستان‌و بوژاننه‌وه‌ی گیانه‌وه‌رو ده‌ست‌که‌وت‌و داهاتی ولات‌و کۆمه‌لانــی خه‌لکه‌وه • ئه‌وجـا دوای ئه‌مانــه هه‌مووی که سال هاتووه‌و سال ڕۆیشتووه‌و کاوه گه‌له‌که‌ی خۆی له ضحاك رزگارکردووه ، جارێکی‌تر نه‌ورۆز به ئازادی‌و رزگاری موتور به‌کراوه‌و جه‌ژن‌بووه به‌سێ جــه‌ژن ، جه‌ژنی دامه‌زراندنی یه‌که‌م ده‌وڵه‌ت‌و جه‌ژنی رزگاربوون له قاتوو قڕی‌زستان‌و جه‌ژنی روخاندنی شایه‌کی زۆرداری رژیمێکی کۆیله‌یی •

ئه‌وی راست بێ ئه‌م داستانه‌ی کاوه‌و ضحاك ( ئه‌ژده‌هاك ) که له ڕۆژی نه‌ورۆزدا رووی‌داوه ، وه‌کــو هه‌موو داســتانه مێژوییه کۆنه‌کان لــه شێوه‌و ئه‌فسانه پۆشی‌دا به‌رگێکی تایبه‌تی کــراوه به به‌ردا • به‌لام لــه گه‌وهه‌رو ناوه‌رۆکدا بریتی‌یه له به‌ربه‌ره‌کانی نێوان فه‌رمانڕه‌وایه‌کی زۆردارو گه‌لێکی زۆر لێ‌کراوی خه‌بات‌که‌ری بــروا به‌سه‌رکــه‌وتن کــردووه‌دا • وه‌ئه‌م به‌ربه‌ره‌کانی‌یه به‌سه‌رکه‌وتنی زۆر لێ‌کراوه‌کان ئه‌نجامی هاتــووه‌و ئه‌ژده‌هاك دورخراوه‌ته‌وه‌و فه‌ره‌یدونی شازاده‌ی نه‌وه‌ی جه‌مشیدی له جیاتی ئه‌و له‌سه‌ر ته‌ختی پاشایه‌تی دانراوه‌و جڵه‌وی فه‌رمانڕه‌وایه‌تی دراوه‌ته ده‌ست نیره‌دا زۆر هه‌ن ئه‌ڵێن ئه‌ی کاوه‌ی کورد بۆچی خۆی نه‌چۆته سه‌ر ته‌ختی پاشایه‌تی هه‌رچه‌نــده ئه‌م پرســیاره زۆر رێك‌و پێك‌و به‌جێ‌یه به‌لام وه‌کو داستان‌و ئه‌فسانه‌کان بۆمــان روون ئه‌که‌نه‌وه ، جه‌مشیدو نه‌وه‌ی جه‌مشید که فه‌ره‌یدون یه‌کێکیانه هێزێکی پایه‌داری ماددی‌و ده‌روونی‌بوون له نێو ئه‌و کۆمه‌ڵگایه‌دا ، وه‌وا له‌ناو ئه‌و کۆمه‌ڵگایــه‌دا بلاوبووه که خــودا پشتیوانی‌یان ئه‌کات ، جگه له‌وه‌ی کــه ده‌ستێکی گه‌وره‌یان له دامه‌زراندنی کۆمه‌ڵگای ئه‌و سه‌رزه‌مینه‌دا هه‌بووه ، ئه‌وه‌بو وه‌کو دیمان رژیمی پاشایه‌تی ( ۲۵۰۰ ) سال له سه‌ر خاکــی به ئیران ناسراودا فه‌رمان ره‌واو ده‌سه‌لات داربووه جگه له هه‌ندی ناوکیش نه‌بێت که پاشایه‌تی له ده‌ســه‌لات‌دارێتی که‌وتووه •

هەروەها تا ئەم دواییەش رژێمی پاشایەتی لە خاکی ئەفغانستاندا درێژەی کێشاوە لەسەر خاکی ئیستای هندستاندا هەرچەندە جەواهێرلال نەهرۆ پاشا نەبووە خاکی هندستانیش پاشانشین نەبووە کەچی دوای کوچ‌کردنی جەواهێرلال نەهرۆ ئەندیرا غاندی کچی بوو بە پێشەوای پارتی کۆنگریسی هند وەسەرەك وەزیرانی هندستانو دوای کوشتنی ئەم خاتوە راجیف غاندی کوری لە هەردوولا لە پارتیو دەولەتدا بە ئارەزووی ئەندامانی پارتی کونگریسی هندیو زوربەی زۆری خەلکی هندستانی سەر بەم پارتی‌یە بە هەلبژاردنێکی سەر بەستانە ئەی خەنە جێگای دایکی . هەروەها فرانکوی دیکتاتوری ئیسپانیا پێش لە ژیان دەرچوونی داوای لە کاربەدەستانی دەولەتو خەلکی ئیسپانیا کرد دوای خۆی خوان کارلۆسی شازادە بخەنە سەر تەختو رژێمی پاشایەتی لە ئیسپانیا راست کەنەوەو داواکەی بێ گیروگرفتێکی ئەوتۆ هێنرایە دیوە ( ولید جنبلاط ) لە پارتی سوشیالیستی پێشکەوتنن خوازی لوبنانو ( امین الجمیل ) لە پارتی ( الکتائب )دا هەر یەکە دوای باوکیان خرانە هەمان شوێنی جارانی باوکیانەوەو ئنجا کە لەسەدەی بیستو چاخی ئوتومو ئەلکترۆنو دوای تێپەربوونی بەلای کەمەوە ٣٠٠٠ سال بەسەر داستانی کاوەو ضحاکدا ( پشت ) ئەو شوێنە بایەخدارەی هەبێت ئیتر لام وایە وەلامی پرسیارەکە بۆ ئەوکاتە زۆر ئاسانو روون ئەبێت ! . لەگەل ئەم راستی‌یەشدا هەر ئەبێ بگەرێینەوە سەر باسەکەو لە باری ئاسایی خۆیەوە لێی بدوێین .

مامۆستا زەبیحی لە وتارەکەی‌دا دەربارەی ئەم بەسەرهاتە بەم جۆرەی خوارەوەی دەگێرێتەوە : ئەژدهاك بەشەقە مشار جەمشیدی داهێناو خۆی کردە پاشا ، دوومار لەسەر شانی ئەم ئەژدەهاکەبوون ، وەختێ برسی دەبوون سەریان دەخستە کونە کوێچکەیەوەو ئازاریان دەدا ، بە ئاموژگاری حەکیمان بۆ چارەکردنی ئەم مارانە(١٩) هەموو رۆژێك دوو لاویان

دەکوشتو مێشکەکانیان دەرخواردی ئەو دووماره دەدا ، تا ئارام بن و واز لە ئەژدەهاك بێنن ، چێشت کەرەکەی پاشا ، پاش ماوەیەك هەر جارەی لاوێك لەو دوو لاوەی بەرەڵلا دەکردو لەباتی مێشکی سەری ئەو مێشکی حەیوانێکی تێکەڵ ئەکردو دەرخواردی مارەکانی ئەدا ، ئەمانەی بەم جۆرە ئازادئەکران روویان ئەکردە شاخو کێو تا بەرە بەرە زۆر بوون ... کاوەش ئاسنگەرێك بوو چەند کوڕی کوژرابوون تەنیا کوڕێکی مابوو کە بۆی چوون ئەویش بکەنە قوربانی ، کردی بەهەراو کەوڵە چەرمەکەی بەسەر دارێکەوە کردو خەڵکی لێ کۆ بووەوەو پەلاماری کۆشکی ئەژدەهاکیان داو بردیان لە کێوی دەماوەند بەندیان کردوو ، فەرەیدوون کە پاشازادەیەك بوو لە جێی ئەویان داناو ئەوڕۆژەیان کرد بە جەژن ... ماموستا زەبیحی ئەم داستانە بەم شێوەیە ئەگێڕێتەوەو ئەوجا بە پێی چۆنێتی نەورۆز کردن لە کوردستاندا ( بێ گومان نیازی کوردستانی ئێستای ئیرانە ، بەو پێیە ئەیان بەستێتەوە بەیەکەوەو ئەگاتە ئەنجامێك کەوا لە خوارەوە ئەیخەینە روو ئەڵێت .

نەورۆز لە کوردستانا سێ قوناخی هەبووە :

١ ــ هەتەرێو مەتەرێ قەرە چوار شەممەو قرەچوار شەممە کە دەکەوێتە ڕۆژێکی چوار شەممەی پێش نەورۆزەوە ، کە چوار شەممەی دوایی دەکەوێتە پاش نەورۆزەوە ، ئاشکرایە ئەمە لە ڕۆژێکەوە تا شەش ڕۆژ لەگەڵ نەورۆز لێك دوور دەبن ، لە ئێوارەی ئەم ڕۆژەدا لە هەموو لایەکەوە فیشەکە شێتەیان هەڵداوەو شەویش لاوان لە لادێ ، بانەوبان بە ماڵانەوە دەگەران ، لە شارانیش دەرگاو دەرگا گوریسیان پشتێنیان لە کولانکەدا دادەهێشتە خوارەوەو دەیان وت هەتەرێو مەتەرێ ، سەری ئاولانم ... شتێکمان بۆ باوێژنە سەرێ ، بیننە دەرێ .

٢ ــ لە جەژنی نەورۆزدا ئەو ئێوارەیەی بەیانییەکەی نەورۆزی تێدا دەکرێت ، لەسەر لوتکەی کێوان ئاگر دەکرێتەوە ، رۆژەکەشی وەکو خانی لە مەم‌و زیندا باسی کردووە خەڵکی روو دەکەنە دەشت‌و دەر ، بۆ شایی‌و کەیف‌و هەڵپەرکێ .

٣ ــ سێزدە بەدەر ، دەکەوێتە سێزدە رۆژ دوای نەورۆزەوە لەم رۆژەشدا خەڵکی پاش نیوەڕۆکەی روودەکەنە دەشت‌و دەرو گوایە گرانایی ساڵ لە خۆیان ئەکەنەوە .

پاش شی‌کردنەوەی ئەم سێ خاڵە ماموستا زەبیحی ئەڵێت « ئەگەر شۆڕش بەوە بزانین کە لە پێشەوە ئەبێ خۆی بو سازبکەن‌و خەڵك رێك بخەن ئەوا ناردنە دەرەوەی لاوە رزگار بووەکان بو دەرەوە لە بەرچاودایە ، شۆرشیش دژی ئەژدەهاك پێویستی بە ئاگادارکردنی دۆستانی شۆرش هەبووە ، هەتەرێ‌و مەتەرێ‌و بانەوبان گەڕان‌و ماڵەو ماڵ‌کردن بۆ ئاگادارکردنی خەڵك‌بووە ، ئەم قسانەش ، ئەو شفرەیەبوون ، کە پێش رۆژی شورش بە شورشگێران راگەیاندراون . روخاندنی ئەژدەهاك پێویستی بە پەلاماردان هەبوو ، پەلاماردانیش سەعاتی سفری گەرەکە ، ئاگری سەر لوتکەی بەرزی چیاکان کە تا ئەم دواییەش لە دێهاتی کوردستاندا بۆ ئاگادارکردنی یەکتری لە دیتنی مانگ بو رەمەزان‌و جەژن کردن کەڵکی لێ وەرگیراوە ، ئەم ئاگر کردنەوەیە بۆ ئەم مەبەستەبووە . بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە شۆرشی کاوە دەبێ لە شەوی هەتەرێ‌و مەتەرێدا دەستی پێ کردبێ وەلە ناوبردنی ئەژدەهاك‌و خستنە سەر تەختی فەرەیدون تا سێزدە بەدەری کێشابێ .

دەمێنێتەوە سەرکەوڵە چەرمەکەی کاوە کە پاشان ناویان ناوە ( درەوشی کاویانی ) ، ابو الریحانی البیرونی لە ( الآثار الباقیە )دا دەنووسێ « ئەم ئالآیە کە پێیان وتووە ، درەوشی‌کاییان لە کەوڵی ورچ وەهەندێکیش

ونویانــه له کەوڵی شێر بووە ، جەواهێراتی پێوە هەڵواسراوە ابو علی محمد البلعمی له مێژووی ــ البلعمی ــ دا دەنووسێ ، پاش فەرەیدون هەر پاشایەك هاتووە رێزی ئەم کەوڵەی گرتووەو زیاتــر رازاندوویەتیەوەو چەنــد پارچە گەوهەرێکــی تری پێوە هەڵواسیوە تا گەیشتۆتە زەمانــی یەزدگردو ئەوسا کەوتۆتــه دەست موسوڵمانانو ناردویانــەتە لای خەلیفەی موسوڵمانان عومەر کــوری خەتتاب ( رەزای خودای لێبێت ) خەلیفەش فەرمویەتــی جەواهیراتەکەی لێبکەنەوەو کەوڵەکەیان سووتاندووە .

دەربارەی ئاڵاکەش دوکتور محمد معین له فەرهەنگی برهان قاطعدا له لێكدانەوەی وشەی ( ئەختەری کاویان ، ئەستێرەی کاویان ، درەوشی کاویان )دا ئەڵێت « درەوشــی ناوبراو پارچە کەوڵێکــی چوار گۆشەبووەو له نێزەیــەك قایمکراوە ، سەری ریسەکەی له لای سەرەوە دیاربــووە ، ئەم چەرمــه بە هەریروگــەو هەررازانــدرابووەوە . ئەســتێرەیەکــی چوارپەرەی له سەربووە ، له ناوەراستی ئەستێرەکەشدا بازنەیەكبووە ، له سەرەوەشــی هەر بازنەیەكبووە ... لــه داوێنی چەرمەکــەدا چــوار شورابەی سوورو زەردوو بنەوش رەنگ شــۆر بووبووەوە ، زەنگوڵەی جەواهێریان پێــوەبووە ... » .

هەروەها دوکتور کریستنســـن پروفیسوری مێژووی ئیرانی لــه زانکۆی کۆپنهاگــندا دەربارەی کەوڵەکــەی کاوەی ئاســنگەر ئەڵێت « فارسەکان ئەم ئاڵایە ئەبەستن بە مێژووی چیرۆك ئامێزی خۆیانــەوە ، ئەویش له جیهاندا ماوەی هەزار ساڵ دوو چاری فەرمانرەوایەکی زۆرداری داگیرکەر ــ ضحاك ــ بووە ئاسنگەرێك ناوی کاوك بووە شۆرشی لــه دژ هەڵگیرساندوە ، کەوڵەکــەی کردووە بەسەر رمێکەوەو داوای لــه خەڵکــی کردووە لەسەر کار لای بەرن ، ئەم شۆرشەش بەروخاندنی ئــەم

زۆردارەو هاتنە سەرتەختی فەرەیدوون ئەنجامی هاتووە ، کە لاوێك بووە لە میری خانەدانی پاشایانی کۆن .

ئیتر لەو کاتەوە ئەم ئالآیە کـە کەولەکەی کاوە بووە کراوە بە ئالآی پاشایانی ئیرانوە بە ناوی ئاسنگەرەکەوە ناونراوە درەوشـی گاویان واتا ئالآی کاوگ . گەلێك نووسەرانی عەرەبو فارس وەکو لە جەنگی قادسی‌یەدا بینراوە باسـیان کردووە . ( طبری ) ئەلێت ئالآی کیسرایەو پیستی پلنگ بووە ، هەشـت گەزپانو دوانزە گەز درێژ بـووە ، ( بلعمـی ) ئەلێت ( فارسەکان لە هەر جەنگێكدا سەرکەتبن دوای ئەو سەرکەوتنە بە هەندی بەردی بەنرخی‌تـر رازانویانەتەوە . راستی‌یەکەی بە پارچە زێرو زیـوو گەوهەرو بەردی بەنرخ رازێنرابووەوە . ( مسعودی ) هەر وەکو ( طبری ) باسی ئەکات بەلآم لە شوێنێکی‌تردا ئەلێت ( ئەم ئالآ مەزنـە پێسـتی پلنگ‌بووە ، بە یاقوتو لولوو هەمـە جورە گەوهەرێك رازێنرابووەوە ) . ( خوارەزمی ) ئەلێت ( پێسـتی ورچ ) بووەو ئەشلێن پێستی شێر بووە ، پاشایانی فارس لایان پیرۆزبووەو بەزیرو گەوهەری بەنرخ رازانویانەتەوە . ( ثعالبی ) ئەلێت « بە موفەرکیان زانیوە لە پێناوی گەوهەرپۆشی‌دا پێش برکێ‌یان کردووە تا سال لە دوای سال بووە بە تاقانەی زەمانەو تەمەن پیرۆزو هەلکەوتی فەلەكو سەر گوزەشتەی کات ، لە جەنگدا پێش خۆیان ئەخستو هەر ئەبوایـە بدرایە دەست سوپا سالاری مەزنی فەرماندەکـانوە دوای ئەوەی لەکەلك لێ وەرگرتنی ئەبوونەوە ئەیانخستەوە خەزێنەی پارێزراوی خۆی وە ( مظهرکوری طاهر المقدسی ) ئەلێت لە پێشەوە پێسـتی بزنیان پێسـتی شێربووە ، بەلآم فارسەکان کردوویانە بە زێرو دیباج وە بەراوردی رای خویی‌و فیردەوسـی ئەکاتو ئەلێت :

درەوشی کاویان تانج ودروشمی شابوو ، لە کاتی جەنگدا ئەخرایە تەنیشت تەختی شاوە ، ئەم پێنج پیاوی ئایینی دائەنا لە کاتێکدا کە بەرەو

جەنگ ئەچــن لە پێش لەشکرەوە هەڵی بگرن بەڵام شاعیر ئەڵێت لە کاتی جەنگدا لێ هاتووترین قارەمانی شاهەڵی ئەگرت • ( ابن الخلدون ) ئەڵێت ( ئەم ئاڵایە بەپێی لێکدانەوەی ئەستیرە تەلیســمێکی لەســەر چنراوە ) ( مسعودی ) ئەڵێت : ئەم ئاڵایە ڕۆژی قادسییە کەوتە دەست پیاوێك ناوی ( ضرار ابن الخطاب ) بوو (٣٠) هەزاریان دایە بەڵام نرخــی دوو هــەزار هەزارو دووسەد هەزار ( دوو هەزار دوو هــەزار دینار بوو ــ ) • لــە کتێبی ( التنبیە )ی هەمــان دانەر وەرگیراوە • دیسانەوە ( الثعالبی ) ئەڵێت : ئەم ئاڵایــە کەوتە دەست پیاوێك لە ( النخع ) بەڵام ( سعد ابن ابی وقاص ) خستییە پاڵ ئەوانەی تری خودا بە ئیسلامەکانی بڕی بوو ، هەرچی بەردی بەنرخو گەوهەرو تانجو ئەوانــەی لە خەزنەیدا هەبوون بردنی بو میری ئیمان هێناوان ( عمر ابن الخطاب ) رەزای خودای لێ بێت • فەرمانــیدا هەڵوە شێنرێتەوەو پارچە پارچە بکرێتو لە نێوان موسوڵمانانا دابەشــ بکرێت •

لەم لێکدانەوەیەی ماموستا زەبیحیو نووسینەکانی ( ابو علی محمد البلعمی ) وپێ ناسینەکەی دوکتور محمد معینو ئەو نووسینانەی پروفیسور کریستینســن دەربارەی کــە وڵەکەی کاوەی ئاســنگەر هانیویانەتــەوە ئەوراســتییەمــان بــۆ ساخ ئەبێتەوە کە کەوڵە بە جەواهیر ڕازەوەکەی کاوەوە بە ئەستیرە و ( رەنگو لەو ) جەواهێراتەوە نەخشینرابێتو گەیشتبێتە دەست عومەر کوری خەتتاب خودا لێی رازی بــێ ، ئەبــێ داســتانی کاوەی کوردو ئەژدەهاکــی زۆردار داســتانێکی راســتو دروســتو لەسەر بنچینەیەکــی ماددی دارێژراو بێت بالایەنــە زۆر داریەکــەی ضحاکی فەرمانرەواش خرابێتە چوارچێوەی ماری میشکی لاوانی کورد خۆرەوە • وە ( مظهر کوری طاهر المقدسی ) ئەو راســتییەی فەرامۆشــ نەکردووەکە فارسەکان ئالاکەی کاوەی کوردیان بردووە بۆ خۆیانو بەزێرو

جەواهیر رازاندویانەتەوە • هەر وەکـو بە شێکی زۆری مێژووی کوردو ئەدەبو کەلەپورو زانستی گەلەکەمان لەم لاولەولای تر لێمان دزراوەو فڕیندراوە ! •

ئیتر بەم بەڵکەولێك دانەوانەی سەرەوەو وتـراوی مێژووناسـانو شارەزایانـی بـە نەورۆزەوە خەریكبوو ، ئەو رێبازەمان بۆ تەختو خاوین ئەبێتەوە کـە وەکـو لە پێشەوە وتمان جارێکـی تریش سووربین لەسەر ئەوەی کـە نەورۆز جەژنێکـی رەسەنی دێرینە لـە مێژووی کـورداو داستانی کاوەش داستانێکـی سەرچاوە راستە بابەتەواوەتیش لـەم قالبو چوار چێوەیەدا نەبووبێت • ئەم جەژنـە لە دوو بەرگـی زیڕینو گەوهەر هەڵ کێشراوە ، بەرگـەزیڕینەکەی کە یەکەم رۆژی بەهاری بوژاننەوەو پڕ خێروبێری کوردستانو دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت لە هەریمەکـەداو بەرگە کەوهەرەکەشـی سەرکەوتنی کوردی دلێرو جەرگ سوتاو بەسـەر ئەژدەهاکـی لاوان کوژدابووە ، کەبووە بەسەر مەشـقی ئومید پەیداکردن لە پێناوی رادانی هەمـوو دوژمـن وناحەزیکی کورددا •

هەواڵنامەی کتێب

# ضحاكو ئاستیاك لە مێژوودا

لەم دواییەدا بیرورایەك کەوتۆتە ناوهەندێ نووسەرانەوە کە گوایە کاوەی کورد ( ضحاك )ی دواهەمین پاشای ماددی لەسەر تەخت لاداوەو فەرەیدون کە میرێکی دوور خراوەی فارس زادەبووە خستویەتی‌یە جێگاو شوێنی ئەوکە ئەبوایە خۆی یاخود شازادەیەك یاخود گەورە پیاوێکی کوردی بخستایە سەر تەختی پاشایەتی نەك بێگانەیەك بەتەختی پاشایەتی مادد شاد بکات •

بێ گومان ئەگەر ئەمە وابێت نابێت هیچ کوردێك نەخۆی بەکاوەوە هەلکێشێتو نە نەورۆزی بەکاوە بەستراوو ئەژدەهاك ( ضحاك ) روخێنراوەوە بە جەژنی نەتەوایەتی‌و پیروزی خۆی بزانێت •

ئەوەندەی بیسترابێت لە نێو ئەو مێژوونووسانەی بە مێژووی ئیرانی کۆنو نوێو مێژووی پێشدادی‌و ئەشکانی‌و ماددو هاخامەنشی‌و فارسی‌یەوە خۆیان خەریك‌کردووە یاخود ئەوانەی خۆیان خەلکی ئەو ناوچانەن کە گەلانی ئاری رەگەز تیاژیاون یاخود هی دەرەوەی ئەو ناوچانە تەنیا مێژوونووسی ئەرمەنی ( موساخورناتس )[٢٠] لە سەرەتای سەدەکانی ناوەراستدا دەربارەی مێژووی کۆنی مەلبەندی ئاریایی نووسینێکی هەیە تیایا وای بۆ چووەکە ئاستیاك ( ضحاك ) ـ ە ئیتر رەنگە ئەمە بووێت بە سەرچاوە بۆ ئەو کەسانەی ئاستیاكو ضحاك لە یەکتری جیا ناکەنەوە • پێش ئەوەی دەست بکەین بەشی‌کردنەوەی ئەم باسە ئەبێ ئەو راستی‌یە بخەینە پێش چاو وەکو ( حسن پیرنیا )[*] باسی ئەکات

یوئانی‌یەکان دواهەمین پاشای ماددیان بەئاستیاك ناو هێناوە کەچی پاشای بابل بە ( ئیختۆویکۆ ) ناوی ئەبات لەبەر ئەوە ئەو نەختە لە یەك چوونەی وشەی ضحاكو ئەژدەهاكو ئاستیاك لەگەڵ ناوی دوایەمین پاشای ماددا بە پێی ناوەکەی لای بابلی‌یە دراوسێ‌یەکانی کە ئیختوو یکۆیە فریان بە سەریەکەوە نامێنێت !

جا ئەگەر سەیری سەرچاوە مێژووییەکانی مێژوونووسانی ئیرانی‌و عەرەبو ئەوروپایی بکەین زۆر بەئاسانی ئەو راستی‌یەمان بۆ روون ئەبێتەوە کە ئاستیاکی دواهەمین پاشای ئیمپراتوریەتی ماددە ، پاشایەکی مێژوویی راستی دەوڵەتی ماددبووە کە لەو کاتەدا گەلانی ئەو سەرزەمین‌و دەوروپشتەی لە قوناخی ئەفسانەو خەرافاتی رووت‌و پەتی رزگاریان‌بووەو کەوتونەتە ژیانێکی شارستانیانەو بونەتە خاوەن دەزگای رێك‌و پێکی دەوڵەتی‌و خاوەنی نووسین‌و خوێندن بالە قەوارەیەکی زور تەنگە بەریشدا بوو بێت • بە پێچەوانەی ئەم چاخەوە رۆژگاری ضحاك ( ئەژدەهاك ) رۆژگاری پێش مێژوو بووەو خوێندن‌و نووسین نەزانراوەو کومەڵگاکەیان لە قۆناخ‌و ئاستێکی پایەنزمدا بووەو سەرەتای دامەزراندنی ژیانی ئاسایی‌و کۆمەڵگای چینایەتی‌بووە بۆیە رووداوو بەسەرهاتەکانیان بە ئەفسانە رازێنراونەتەوەو بە خەرافات موتوربەکراون‌و تائیستاش هیچ بەڵگەیەکی بێ شك‌و گومان بەدەستەوە نی‌یە کە مێژوویەکی زانستیانەی ئەم کۆمەڵگایانەی لەسەر بنیاد بنرێت جگە لەوەی کە ئەزانرێت سەروسیمای گشتی کۆمەڵگاکەیان بە هێڵی درشت بکیشریت !

ئەگەر سەرنجێکی مێژووی کۆن بدەین لەو راستی‌یە شارەزا ئەبین کە جگە لەو چیرۆكو بەسەر هاتانەی لە کتێبە پیرۆزە خودا ناردووەکان بەو لاوە ئیتر هەموو ئەو چیرۆكو بەسەرهاتانەی بەندن بە مێژووی نوح پێغەمبەرو پێغەمبەرانی پێش موساوە درودی خودایان لێ‌بێت هەردەماودەم

نــەوە دوای نــەوە پێمان گەیشتوونو تەنانەت هەندێکیشیان خستونەتە ســەرو هەندێکــی تریــان هەر لــێ گۆڕیــون • هــەروەهــا مێژووی پێشدادی یەکانیش کە بە پێی داستانو ئەفسانەی ئاریایی کۆن جەمشید ئەخاتــە دوای نوح پێغەمبەر ، بێ گومان نابێ کارو فرمانو پەیامو تەمەنی هەر دوو لایان کە لە داستانەکانیاندا خراونەتە پێش چاو بە پێی کێشو پێوانــەی ئێستا بخرێنە تای تەرازووەوە •

چونکــە تەمەنو ماوەی فەرمان رەوایی و رۆژانی خەباتو تێکوشانیان لــە پێناوی خودای تاكو تەنیا ناسیدا ناچنە تای تەرازووەوە • بــۆ نمونە وەکو لە داستانەکانی ضحاکدا دێتە پێش چاومان ، ضحاك ( ١٠٠٠ ) ساڵ فەرمان رەوایی کردووەو پێش ئەو جەمشید کە بە پاکی و چاکی و خوداپەرستی یەوە خەریك بووە سێ سەد ساڵ پاشایەتی کردووە[٢١] • ومحمود سلیم الحوت دەربارەی نوح پێغەمبەر ئەڵێت[٢٢] « بت پەرستێتی لە پێش هاتنی نوح ــ ەوە هەربووە ، ئیتر خودا نوحــی بە پێغەمبەرێتی ناردووە ، ئەو کاتە تەمەنــی ٤٨٠ ساڵ بووە ! سەدوبیست ساڵ هەولی لەگەڵ عەرەبدا داوە رووبکەنە خودا ، بەلام لێی هەڵگەرانەوەو کردیان بە پیاوێکــی درۆزن ، خودا فەرمانی پێ کرد بەلەم دروست بکات لە تەمەنــی شەسەد سالیدا لە دروست کردنی بووەوەو سواری بوو ، ئیترلافاو هەڵساو سەرزەمینی گرتەوە ! بتەکانیش خرانــە سەرکێوی ( نوذ ) ئەو کێوەیــە لە خاکــی هندستان کە ئادەم لــە سەری دابەزیوە ( ص ٩١٣ ج ٤ معجم البلدان ) واله ئاوکراوە کە لە زەوی یەکــەوە بــۆ زەوی یەکی تر تاوبستێنی و گورِ زیاتــر بەستێت تا ئەم بتانەی فرێ داوەتە زەوی ( جدە )ــەوە ئیتر ئاووشــك بووەو لە گوێ ئاوەکــە ماوەتەوەو بە هۆی رەشەباوە بووە بە ژێرخۆڵەوە ! » • ئالەم بەسەرهاتەی بتەکانــی دەوربەری نوحدا دیسانەوە تەمەن درێژی ــ نوح ــ مان دێتە پێش

چاو کە نزیکەی (٥) هەزار ساڵیش لەمەوبەر سەرجەمی تەمەنی خەڵکی ئەوسا لە ٤٠ ساڵ تێنەپەڕیوە ! •

ئەمە هەمان چاخو قۆناخی دەورو بەری ژیانی ئەژدەهاك (ضحاك)ـە کە بێ گومان داستانو ئەفسانەکان وەجۆری گێرانەوەیان هیچ ڕاڕاییەك لە دڵمانا ناهێڵن کە ئەو کاتە چاخو دەورانێك بووەو چاخی فەرمانڕەوایی ماددەکانو ئاستیاکی پاشایان شتێکیترو ڕۆژانێکی پێشکەوتووتربووە • مێژوونووسانی ئەم بابەتە چ ڕۆژهەلاتی یاخود ڕۆژئاوایی سوورن لەسەر ئەوەی ضحاك ناوی (بیوراسب)ـەوە ئەم ناوەش لەوەوە هاتووە کە خاوەنی دەهەزار ئەسببووە ، دوای جەمشیدی پاشای پێشدادی هاتووەو هەزارساڵ فەرمانڕەوایەتی بەسەر کۆمەڵگای پێشدادیدا کردوو • ضحاك ـ یش بۆیە توانیوێتی بە سەر جەمشیددا سەرکەوێت چونکە جەمشید لە سەرەتاوە خواناسی کردووەو دادپەروەری لەناو خەڵکەکەدا بلاوکردۆتەوە ، بەلام دوای ئەوەی وردە وردە خۆشەویستبووەو خەڵکی زیاتر لە دەوری کۆبونەتەوەو سەرکەوتنی تازەی بەدەستهێناوە ، لە خۆی باییبووەو داوای لە خەڵکەکەکردووە بە خودای بناسن ئیتر خەڵکەکە وردە وردە لێیڕەویونەتەوەو چوون لە ولاتێکی دوورەوە ضحاك ـیان هانیوەو لەسەرتەختی جەمشید دایانناوەو[٢٣] ضحاك ـ یش دوو خوشکی جەمشید ئەرنەوازو شەهرەنازی لە خۆیمارەکردووە • ئیتر جەمشید لەدەست خەڵکەکە ڕایکردووەو سەد ساڵ خۆی شاردۆتەوە ، ئەوجا دوای ئەوە ضحاك ـ یش دەستی کردووە بە زولمو زۆرو پیاوکوشتنو چەوسانەوەی خەڵکی ، ئیتر کاوەی ئاسنگەر کە خۆشی لە شازادەکانی پێشدادییە ضحاك ـ ی لە ناوبردووەو شازادە فەرەیدونی پیشدادی دورخراوەی هانیوەتە سەر تەختی پاشایەتی لە کۆمەڵگای پێشدادییەکاندا •

ئەوی راستبێت دەربارەی رەسەنی ضحاك دوورای جیاوازهەیــە ، یەکەمیان رەسەنی ضحاك لە پێشدادیجیائەکاتەوەو ئەیبەستێت بە سامییەوە بەتایبەتی بەخەلکییەمەنەوەکەخوینەران ئەزانن یەمەن(الیمن)زۆرجار حەبەشەو هەندێ جار دەسەلاتدارانی دانیشتووی سەرزەمینی ئیستای ئیران دەستیان تیداهەبوو • وەرای دووەم ضحاك کە بە ئەژدەهاك بە ناوبانگــە هــەر بە شازادەیەکــی پێشدادی لەقەلەم ئەدات بەلام رای یەکەم سەرچاوەی زیاترو مێژوونووسانی زۆرترە • هەروەهــا دەربارەی کاوەی ئاسنگەریش دوورای جیاواز هەیــە کە دوای ئەم باســە لەویش ئەدوێین •

لە کتێبی ( حماسه سرای در ایران )دا وا هاتووە کە[٢٤] « لە سەرجەمی ئەوانــەی باسیانکردووە وا دێتە بەردەم کــە ئەژدەهاك پیاویکی پاشانشینی رۆژئاوای ئیران بووەو بەسەرزارەکــی لــە ( ئاشور ) یان ( کلده ) ــەوە هاتووە بــۆ ئیرانوەوەکــو ئەزانین پێش دامەزراندنی دەولەتانــی مادو هاخامەنشی چەندجــار ئیران دووچاری هێرشی ئاسوریو کلدانی بووە » •

هەروەها هەمــان سەرچاوە ئەلێت[٢٥] « لە باسەکانی ئیســلامیشدا هەروەکــو باسەکانی پەهلەوی ئەژدەهاك بەسامییەوە ئەبەستنەوە • بە پێی قســەی ( الطبری ) خەلکــی یەمەن ضحاك بەهیخۆیانی ئەزانی وەئەلێن لــە رەسەنی ( علوان بن عبید ) ــە • وە ( ابو الحنیفه الدینوری[٢٦] لای وایە کە ضحاك برازای شدید بن عملیق بن عاد بن ارم بن سام بن نوح ــ ی پاشاییەمەنە وە ئەلێت ضحاك بن علوان بن عملیق بن عاد هەر.ئەو کەسەیە کە ئیرانی پێی ئەلین ( بیوراسف ) •

هەروەها ئەلێت ضحاك لەلایەن مامییەوە بەفرمان لــە یەمەنەوە بــۆ بابل نیرواوەو جەم لەبەر ئەوداهەلهاتووە » • وە ( ابن البلخی ) ئەلێت[٢٧] « ئەم ( بیوراســب ــ ە ضحاك ــ ە ) بە زمانــی عەرەبــی وا ئەوترێت ، راستییەکەشــی اژدهاق ــ ە ، بیورِای جۆراو جۆر دەربارەی رەسەنی

ئەو ئەوترێت ، هەندێك ئەڵێن خەڵكی یەمەن بووە • وەپارسەكان دەربارەی رەسەنی ئەو ئەڵێن ــ بیوراسب كوڕی ئەروند اسب كوڕی دنیكان كوڕی بهزسنگ كوری تاز كوڕی نوارك كوڕی سیامەك كوڕی میشی كوڕی كیۆمەرثو ئەم ( تازە ) كە یەكێك بوو لە باپیرانی ئەو باپیری هەموو سامی‌یەو لەبەر ئەوە پێی ئەڵێن ( تازیان )وە عەجەم ــ یش ئەچنەوە سەر هۆشەنگ •

هەروەها ( ابو الریحان البیرونی ) دەربارەی ناوی ضحاك ئەڵێت[٢٨] « الضحاك بن علوان العمالقه وهو بیوراسب بن اروانداسب ابن زینكاو بن بریشند بن غار ابن افرواك بن سیامك بن میشی » •

ئەوی راست بێت وەكو لە فەرهەنگی ( لغت‌نامە )دا[٢٩] هاتووە گەلی كەسی دورگەی عەرەبی‌و ئەو دەوروبەرە دوای پەیدابوونی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ناویان ( ضحاك ) بووە وەكو « ضحاك ابن امیه ابن ثعلبه » كە یەكێك بووە لە یارانی پێغەمبەر درودی خودای لێبێت • هەروەها ( ضحاك ابن قیس ابن معاویه التمیمی ) و ( ضحاك ابن قیس ) یەكێك بووە لە پێشەوایانی ( الخوارج )وە ( ضحاك ابن مخلد ابن ضحاك ابن مسلم الشیبانی البصری ) وەكەسانی‌تر •

بەڵام نیاز لەم باسە ئەوەنی‌یە كە ئایا رەسەنی ضحاك ( ئەژدەهاك ) سامی‌یەیان پێشدادی‌یە بەڵكو نیاز ئەوەیە ئەو راستی‌یە بخرێتە پێش چاوی خوێنەرانی بەڕێز كە ضحاك فەرمانڕەوایەكی كۆنی پێشدادی بووەو سەدان ساڵ پێش ئاستیاك ( ئیختوویكۆ ) ــەوە هاتۆتە دنیاوەو فەرمانڕەوایی كردووە • هەر دەربارەی ئەم جیاوازی‌یە دوكتور ذبیح الله صفا ئەڵێت[٣٠] « من لەو بروایەدام كە تێكەڵكردنی پاشایانی ئاویستایی كیانی لەگەڵ پاشایانی مێژوویی ماددی ( میدیا )و هاخامەنشی‌دا هەڵەیەكی دیارو ئاشكرایە چ لەو رووەوە كە بەڵگەی جۆراو جۆری مێژوویی هەن یان لەو رووەوە

لە لێکۆڵینەوەی زەمانی بوونی زەردەشت بۆمان دێنێتەکایەوە ، پاشایانی کیانی ئەوانەبوون کە ئاوێستا بە ناوی ( کویَ ) ناوی هێناونەوە دوا پاشایان ( کویَ ویشتاسب ) بووە ، وەدەربارەی بوونی مێژوویی ئەوان دیسانەوە ناتوانین دوودڵ بین : ئەوان لە دەورو بەری زەردەشت کۆنترنەوە سەرکردەی عەشیرەتەکانی ڕۆژهەڵاتو باکوری ڕۆژهەڵاتی ئیران بوونو کە بە پایەی فەرمانڕەوایی و گەورەیی گەیشتوون نازناوی ( کوَی ) واتا پاشایان پێ براوە . لە کاتێکدا ماددو هاخامەنشی بەپێی بەڵگەو سەرچاوەی هەمەجۆرەی مێژوویی ساخ بوونەتەوە کە پاشایانی ڕۆژئاواو باکوری ڕۆژئاواو باشورو ناوەندی ئیران بوون . وەلە نێو ئەمانەدا تەنیا دەستەی دواییان توانیویانە فەرمانڕەوایی ڕۆژهەڵاتی ئیران بکەنو ناوی سەڵتەنەتی ئەوان ( خشای ئی ) واتا پاشا بووە .

ئەم گروپەی لە دوای زەردەشتەوە هاتوونەوە هەندی کە ویستویانە خۆیان بەوەوە ماندووبکەن کە ویشتاسب باپیری داریۆش بکەن بە ( کۆی ویشتاسب )ی پارێزەری زەردەشت بە هەڵەچوون ) .

دوای ئەوە لەسەر باسەکەی ئەرواتو ئەڵێت پروفیسور ئارتولدکریستنسن ) لە کتێبی ( تحقیقات درباب آیین زردشتی ایران قدیم )دا قسەکانی من ئەسەلمێنێت .

هەروەها ذبیح‌الله لە لایەکی ترەوە ئەڵێت « مێژوونووسانی نوێ کە مێژووی ئیرانی پێش ئیسلام ئەخوێننەوەو دەربارەی ئەکۆڵنەوە لە سوڵتانەکانی ماددەوە دەست پێ ئەکەنو ئەوەی لە شانامەدا دەربارەی پێشدادی و کیانی ئەبینرێت بە خەرافاتی لەقەلەم ئەدەن . ئەوجا ذبیح‌الله دێتەوە سەرباسەکەی خۆی و ئەڵێت(٣١) : لەبەر ئەوە ئەبینین کە گەلێ پیاوانی داستانو ئەفسانەی بەسەرهاتە میللییەکانمان لە سەر بناخەی بوونی مێژوویی و راستی دامەزراون کە هەندێکیان دیسانەوە لە رۆمانەکانی

میللی‌و ئایینی هندداً ئەبینین • وەبوونی ئەمانــە هەموو بە یارمەتی پارچە هەروکۆنەکانــی ئاویستا راست‌و دروست دەرئەچن •

لەگاتاکان‌دا کە بە پێی لێکۆلینەوەی رۆژهەلات ناسەبەناوبانگەکان بەهی خودی زەردەشتی ئەزانــی کــە ئەمەش کونترین بەشی ئاویستایە ، ناوی گشتاسب‌و چەنــد کەسێکی تری هاوزەمانی ئــەوی تێدا ئەبینین ، هەروەهــا لە هەندی لە یەشتە کۆنەکان‌دا کەهی سەدەی نۆیەمین‌و دەیەمینی پێس زایین ، ناوی گەلێك پیاوانی داستانی پێشدادی‌و کیانی دێتە پێش‌چاو، ئیتر بە هۆی ئەمەوە دلنیا ئەبین کە داستانی ئەم پیاوانە بە جێ‌و کۆنتــرە لەوەی بە خەیالمان‌دا بێت • بوونی گشتاسب‌و کەسانی خزمەت گوزارو دەوروبــەری کــە لەگاتاکانا باســیان‌هاتووە ، هەمــوو دوودلی‌یــەك پوچەل‌ئەکاتــەوە • دەربارەی پێشدادی بەتایبەتی هەندێ پیاوانی وەکو جەمشیدو باوکی‌و یونگهان وەفەرەیدون‌و ئەئەثویە ( ئەثفیان )ی باوکی وەکو لە (ڤیدا)[٣٢]دا ئەیبینین دەربارەیان قسەکراوە روون‌ئەبێتەوە کە ئەم پیاوانە پیاوانــی ناوکۆیــی هــەردوو نەتــەوە هندی‌و ئیرانــی بــوون •• ) بــەم پێیــە دوکتــور ذبیح‌الله مێژووی جەمشــیدو پێشــدادی زۆر لــە مێژووی مادد ( میدیا ) بە کۆنتر ئەزانێت ، کــە راستی‌یەکەشی هەروایە ، وەلە جێگایەکــی تردا ئەلێت[٣٣] « لەرێگ ڤیدا ــ و ئاتاڤا ــ ڤیدا ــ دا بە جوانــی دەرئەکەوێت کە داستانی جەمشــید زۆر کۆنەوە ئەگەر ئیمە تەماشای کۆنێتی شوێنەواری ( ودا ــ ڤیدا ــ بکەیــن کە ئەگاتە ٤٠ سەدە ئەوسا بە چاکــی زەمان‌و دەورەی ئەوتــێ ئەگەیــن » •

ئنجا با بەراوردی مێژووی ماددو دوا پاشای مادد ئاستیاك (ئیختوویکۆ) بکەین‌و بزانین فەرەیدونی پێشدادی‌و ئیختوو یکۆی ماددەکان بە دوای‌یەك‌دا هاتوون یاخــود فەرەیدون زۆر لە ئاستیاك کونترە ؟! تا ئەو راستی‌یەمان بودەر بکەویت کــە ئاستیاك ( ئیختوویکۆ ) ضحاك ( پیوراسب ) نی‌یەو

کاوەش فەریدونــی خستوتە جێگای ضحاکی بە ناهەق کراو بە کوردیان ئاســتیاك وا ئەم بەڵگەو نیشانەو سەرچاوانــە ئەخەینە پێش چاو •

پروفیسور کایار دەربارەی مادد ئەڵێت[٣٤] « هۆخشتەر کە یۆنانی بە بە کیاکسارس ( کەسێکە کە بەباشی سەرپەرشتی ئەکات ) ناوی ئەبەن ، یەکەم کەس بووە کــە بنچینەی سەڵتەنەتی نەتەوەی ماددی لە دەوروبەری ساڵی ٦٢٠ی پێش زایینیدا دامەزراندووە ئەو شەڕی لەگەڵ ــ لودی ــ یەکاندا کردووەو سەرزەمینی ئاراراتی ، کە ئەکەوێتە باشوری دەریاچەی وانەوە خستۆتــە ژێردەستی خۆیەوە • وەبە یارمەتی ناپوپالاسر لە ساڵی ٦١٢ی پێش زایینیدا نەینەوا کــە قەڵــەم رەوی پاشــای ئاشــوربووە رزگار کردووەو وێرانی کردووە • بەڵام لە زەمانــی ئاستیاگی ــ ی کوڕیدا ماددەکان سەربەخۆیی خۆیان لە دەستداوەو کۆرشی دووەم کە تائەوکاتە بە فرمانی پاشاکانی مادد حوکم داری سەرزەمینی پارسی کردووە سەربەخۆیی خۆی راگەیاندووەو لە ساڵی ٥٥٧ی پێش زایینیدا ماددەکانــی شکاندووەو زەنجیرەی هاخامەنشییەکانی دامەزراندووە • » •

هەروەها دەربارەی ساڵانی فەرمانڕەوایی پاشاکانی مادد کە ئی • ئیم دیاکۆنۆف بەراوردی مێژوونووســی بەناوبانگــی یۆنانی ئەکاتو قسەکانــی شی ئەکاتەوە ئەڵێت[٣٥] « دیسانەوە رەنگ بێ هێرودۆت ئەوانەی رووداوەکانیــان بۆباس کردووە زۆر بایەخیان بە ساڵو مانگی بەراوردی رووداوەکــە نەدابێ • بەهەر جۆرێ بەرواری ساڵەکان وادروست کراونو بە پێی تەمەن درێژی دەسەڵات دارەکان زۆرو کەمی دەســەڵاتدارێتیان بــۆ دانــراوە •

وەکــو سەرەتای سەڵتەنەتی [ دیئۆك ] تاکو فرائورت نیو سەدەیان تۆزی زۆرتــر تۆمــارکراوە ، فرائورتو ئەسکێتەکان هەمــوو نیو سەدە حوکمیان کردووە • [ کیاکسار ] نەختێك زۆرترو [ ئاستیاك ] نەختێك کەمتر •

کۆرش نزیکەی سیی ساڵ فەرمانڕەوایی کـردووەو چوارسـاڵ لەگـەڵ [ ئاستیاگ ]دا شەڕی کردووە • ئەگەر مەسەلەکە وابێ چۆن بە سەرزارەکی ساڵو مانگ روون ئەبێتەوە ؟ دیارە ئەمە لەگەڵ راستیدا ناگونجێ وەلـە هەمـان کاتاوەنەبێ لەگەڵ سەنەدو بەڵگەی تر ساڵێك جیاوازییان نەبـێ ، لێرەدا ئەتوانین بە شێوەی گشـتی لەبارەی ئەم ساڵانەوە کە هێرودۆت نووسیوێتی باوەڕبکەیـن لە دێرەکانی خوارەوەدا ئەوە ببینین کە هێرۆدۆت زۆر لە راستیەوە دوورنەبووە،ئەو بەروارادانەی کە لە خوارەوە نووسراونو لە وتەکانـی هێرودۆتدا دەرهێنراون ئەتوانین بەشێوەراستیان دابنێین •

[ دیئۆك ] ٦٧٥ ــ ٧٢٧ پێش زایینی [ یاخود ناوێك کەوتبێتە نووسینەکەوە نەختێك زووتـر وەکو ٧١٥ ــ ٧٦٧ ] •

فرائورت ٦٥٣ ــ ٦٧٤

ماددو ئەسکیتەکان ٦٢٥ ــ ٦٥٢

کەیئەکسـار ٥٨٥ ــ ٦٢٤

ئاستیاگ ٥٤٩ ــ ٥٨٤

هەروەها حسن پیرنیـاش[٣٦] ٥٥٠ی پێش‌زایینی بە ساڵی لەناوچوونی ئاستیاك ئەزانێت •

لە لێكدانەوەکانی دوکتور ذبیح‌الله صفادا بۆمـان دەرئەکەوێت کە فەرمانڕەوایی پێشدادیو ماددەکـان لـە دووچەرخی تەواو جیاوازدابووە ، چەرخـی ئەفسانەو نەنووسینو ژیانی سەرەتایی کۆمەڵگای مرۆڤایەتـی پێشـدادیو چەرخـی خوێندنو نوسینو پەیـدابوونی دەوڵەتی خاوەن قەوارەی شارستانیانەی ماددەکان ، کـە لە کامڵبوونی قوناخی کۆیلەییدا ژیاون • وەئەم چەرخەی دواییان سـیمای نەتەوایەتی با بە شێوەیەکـی سەرەتاییش بوویێت پێوەی دیاربووە کە لە چەرخی پێشـدادیدا بە هیچ شـێوەیەك بەلایدا نەچوون •



هەواڵنامەی کتێب

ئەوەتا کوردو ئەفغانیو پاکستانیو هیندیو ئیرانیو بلوجی .. هەموو مێژووی پێشدادی بەسەرەتاو بناخەی مێژووی نەتەوایەتی خۆیانی ئەزانن .

لە بەراوردەکەی هێرودۆت هەروەکو لە هی حسن پیرنیاشدا دەرئەکەوێت کە ئاستیاك لە ساڵی ٥٤٩ یاخود ٥٥٠ی پێش زایینیدا لە ناوچووە کە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە دەربارەی زەردەشتو کاوە چەند بەڵگەیەکی تری بایەخدارمان ئەخەنە بەردەست کە ئەوەندەی تر سوورین لەسەر پاکانە کردن بۆ کاوەی ئاسنگەر کە بێگانەیەکی نەخستۆتە سەرتەختی پاشایەتی ماددی کوردی هاورەسەنی خۆیەوە .

وەئاستیاك ــ یش کاتی خۆی هەروەکو ئیستای ئیمە داستانی کاوەی ئاسنگەرو ضحاك ــ ی بیستووە .

لەم بارەیەوە پەنا بەرینە بەر مێژووی هاتنە کایەی زەردەشتو ئاوێستاوە بەڵگەی مێژوویی توندو بەجێمان دێتە دەست کە ئەو بۆ چوونەی پێ قایم تر بکەین کە ئاستیاك زۆر دوای ضحاك هاتۆتە دنیاوەو جڵەوی فەرمانرەوایەتی کەوتۆتەدەست پروفیسور دوکتور ج ب ئاسموسن ئەڵێت(٣٧) « بە یارمەتی ئەو سەرچاوە ناتەواوو کورتەی لە بەردەستدایە ئەتوانین ــ بێدڵنیاییەکی تەواو ــ بڵێین کە زەمانی زرتشت ئەبی بە لای کەمەوە لە دەوروبەری ساڵی ٦٠٠پیش هاتنە دنیای مەسیحەوە بووبێت واتا پێش دەستپێکردنی ئیمپراتورییەتی هاخامەنشییەکان » .

هەروەها دوکتور ذبیح‌الله صفا دەربارەی زەمانی ئاوێستا ئەڵێت(٣٨) « دەست نیشانکردنی زەمانی دانانی ئاویستا کە باسی جەمشیدو ضحاك ــ ی تێدا هاتووە پێش هەموو شتێك بەندە بە دەست خستنی زەمانی زەردەشت ــ ەوە کە بە پێی هەموو لێکۆڵینەوەکانی زانایانی کۆنو نوێ

تائیستا رووناك نی‌یە ، بەپێی ئەو بەڵگانەی لە بەردەستماندایە ئەتوانین کاتی ژیانی زەردەشت بە دەوروبەری سەدەی دەی پێش زایینی بزانین » .

ئا لەم دوو سەرچاوەیەدا دوو خاڵی گرنگمان دێتە پێش چاو یەکەمیان ئەو ئارمایی‌یەی بەسەر مێژووی زەردەشت‌و ئاویستاوەیە نیشانەی زۆر کۆنی ژیانی زەردەشت‌و پەیدابوونی ئاویستایە چونکە ئەگەر وا نەبوایە مێژوو نووسانی ئەو کاتە وەکو باسی ئاشووری‌و کلدانی‌و ماددو پاشاو کۆمەڵگاکانی تریان کردووە هەروەها بەهەمان شێوە باسێکی هاتنە دنیای زەردەشت‌و دانانی ئاوێستایان ئەکردوو مێژووی پەیدابوونی خۆی‌و ئاوێستایان لە تەمووژ رزگار ئەکرد .

ئەم زۆر کۆنی‌یەش ئەو بەڵگە گومان لێ‌نەکراوەمان ئەداتە دەست کە زەردەشت‌و ئاویستاکەی لە فەرمانڕەوایی پاشاکانی مادد کونترن . دووەمیان هەردوو سەرچاوەکە زەمانی ژیانی زەردەشت بە نێوانی ٦٠٠ ــ ١٠٠٠ ساڵ پێش زایینی لە قەڵەم ئەدەن کە هەردوو بۆچوونە کە هیچ نەبێت زەردەشت‌و ئاوێستا پێش دەورو بەری فەرمانڕەوایی ئاستیاك ئەخەن . کە بەم بەڵگەو نیشانەیەی ئیستا ئەیخەینە پێش چاو بە تەواوەتی دڵنیامان ئەکات کە ضحاك پیاوێکەو ئاستیاك ( ئیختوویکۆ ) پیاویکی‌ترەوە هەر یەکەش لە جێگاو کاتێکی جیاواز لەگەڵ یەکتری‌دا ژیاون‌و فەرمانڕەواییان کردووە با کۆمەڵگاکانیشیان بچنەوە سەریەك . دوکتور ذبیح الله صفا ئەڵێت[٣٩] « لە ئاوێستادا دەورەی دەسەڵاتداریتی‌و فەرمانڕەوایی ضحاك پاش جەمشیدو پێش فەریدون نیشانەکراوەو لەم سەرچاوەیەوە ئەوەی دوای ئەمە گێڕراوەتەوە پێرەوی کردووە » . بایەخی هەرەگرنگی ئەم بەڵگەیە لەوەدایە کە ئاویستا بێ گومان وەکو هەموو کتێبە ئاینی‌یە پیروزەکانی دنیا باسی داستان‌و ئەفسانەو بەسەرهاتی پێش خۆیانیانی‌کردووە وەکو لە تەورات‌و ئینجیل‌و قورئانی پیروزدا هەر یەکە باسی داستانی

پێش هاتنی خۆیانیان کردووە • لە قورئانی پیروزدا باسی نـوحو هــودو عادو ثمودو ••• کراوە نەك باسی بەسەرهاتی دوای هاتنی خۆیان ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە جەمشیدو ضحاكو فەریدون لە ئاوێستا کــونترنو ئاویستاش لە فەرمانرەوایەتی ماددو ئاستیاك کۆنترە،کەواتا وەکو مەسەلەیەکی بێ گومانی ژماریاری ، ئەبێ هەر ئاستیاك ــ ی دواهەمین پاشای ماددو دوای ضــحاك هاتبێتە دنیاوەو ئــەم پاشایەکــی ماددەکــانبــووەو ضــحاك پاشــای پێشدادی •

ئەوجا دوای ئەمە پێویستە ئەوەندەی بە دەســتەوەیە لەســەر کاوەی ئاسنگەر کــە رای کێشاوینەتە ناوگۆمی ئەم باسو لێکۆڵینەوەیە بدوێین •

ئەوی راســت بێت باسی کاوەی ئاسنگەر لەهی ئەوانیتر هەموویان ئاڵوزو کــەم بەڵگەترە ، جگە لە کەوڵەکەی کە راستو رەوان هەبووەو لە جەنگی نێوان موسوڵمانە عەرەبەکانو لەشکری ساسانیەکاندا دەســت لە شکری ئیســلام کەوتووەو بەفەرمانــی خەلیفەی کاتی ئیسلام عومەری کوڕی خەتتاب درودی خودای لێبێت بەنــرخو زێــڕو زیــوی لێکولینەوەکانیانا بگەینە رێبازێك دەربارەی ئەم مەبەستە • لەسەر کاوەی مێژوویــی گومان لێنەکراومان بە دەستەوە نییە •

بۆیــە وەکو باسەکانــی پێشو ئەبێ پەنابەرینە بــەر ئەو مێژوو ــ نووسانەی بــەم بابەتــەوە خــەرێك بــوون وەلەبــەر رۆشــنایــی لێکولینەوەکانیانا بگەینە رێباڤێك دەربارەی ئەم مەبەستە • لەسەر کاوەی ئاسنگەر پرۆفیسۆری دراساتی ئێرانی لــە زانکۆی کوپنهاگن ــ آرثــر کریستنســن ) ئەڵێت[٤٠] « فارسەکان سەرچاوەی ئــەم ئاڵایــە ( نیازی کەوڵەکەی کاوەیــە ) بە مێژووی چیرۆکەکانــی خۆیانەوە ئەبەستنەوە ، ئەوەش کــە دنیا هەزار ساڵ دووچاری فەرمانرەوایی زۆردارێکی داگیرکەر بووە ( ضحاك ) ئاسنگەرێك ناوی کاوگ ( کاوە ) بووە شۆڕشی لە دژی

هەڵگیرساندووە ، بەوەی ئەو پێستەی کە لە خۆیەوە پیچا بووکردوویەتی بە سەرڕمەکەیەوەو داوای لە خەڵکی کردووە لە سەر کاری بخەن وەبەلابردنی ئەم زۆردارەو هاتنە سەرتەختی فەرەیدون شۆرشەکە کۆتایی هاتووە • ئەمیش میرێکی لاوی بنەماڵەی پاشای کۆنەوە لەو کاتەوە ئەو ئاڵایەی لەمشکی‌یەکەی گاوە کراوەتەوە بووە بە ئاڵای پاشاکانی ئیرانو بەپێی ناوی ئاسنگەرە کە بە ( درفشی‌گاویان ) واتا ئاڵای کاوگ ناوبراوە ، وەگەلێك نووسەرانی‌ عەرەبو فارس وەکو رزگارکەرەکانی پێکاهاتنەکەی قادسیە لە سەریان نووسیوە » •

دوای ئەمە کریستینسن لە دامێنی هەمان لاپەرەدا ئەڵێت(٤١) « لە باسێکدا کە بە زمانی دانیمارکی نووسیومە بە دوورو درێژی باسی ئەم چیرۆکەم کردووە کە ئاوێستاو کتێبە دینی‌یەکانی سەربەچاخی ساسانی لێیان نەزانیوە • بەڵکو لەگەڵ یادی چیرۆکی تری زۆر کۆندا بۆ لێکدانەوەی وشەی ( درفشی گاویان ) کە واتا راستی‌یەکەی ( ئاڵای شاهایە ) دانراوە •

لە لێکدانەوەکەی کریستنسن وا دەرئەکەوێت کە ساسانی‌یەکان ویستویانە ئەم چیرۆکە بکەن بە هی خۆیان لەگەڵ داستانەکەدا ( ئاڵای‌کاوە )ش بە خۆیان حەلاڵ‌بکەن !!

بەڵام هەروەکو دوکتور ذبیح‌الله صفا دەربارەی ناوی کاوە ئەڵێت کە هەندێك بەستویانە بە ( کوی آئی پێ وهوا ) باسی ( هرتل ) ئەکاتو ئەڵێت(٤٢) « وای بۆ چووە کە کاوە هەمان ( کو آئی پی‌و هوا )ی کوری ( کە یقوباد )ە دوکتور ذبیح‌الله لەو باوەرەدایە کە ئەم بۆچوونە راستی لە تەکدا نی‌یەچونکە بە پێی نیشانەو لێکدانەوەی زمانەوانی ناوی کاوە لە توێی پەهلەوی‌دا ئەبوایە کاوگ یان کاوگ بهاتبایە ، لە کاتێکدا ناوی کوری کەیقوباد لە توێی پەهلەوی‌دا بە ( کی آپیوە )

ساخ کراوەتەوە وەهەمان ناو بە گەلێ شـێوەی وەرگیڕراوی ناراسـت کە وا دیارە لـە ئەنجامـی دەستکاری نووسینەوەیدا بێت کە لە تـوێ نووسینە ئیسلامی‌یەکاندا دیسانەوە هاتووە . وەراست‌ترین شێوەی ئەو ناوە ( کی افیوە )یەلەبەر ئەوە ناتوانین ئەوەمان بە بیردابێت کە دوو نـاو هی‌یەك پیاو لەدوو ریشە لەیەك دەوراندا ئاسایی بێت . ئەمە جگەلەوەی لـە کاوگ لە ( کوی ائی پێ وهوا ) دەرهێنان ئیجگار بێ جێ ودوورە بناخەیە . هەروەهـا داستانی کاوە لـە شوێنەوارە کۆنەکاندا بـە هیچ شیوەیەك بەرچاو ناکەوێت وەیەکێکە لـە ئەفسانەکانی دەورەی ساسانی‌و ئەشـکانی لەبەرئەوە ناتوانری پێوەندی‌یەك لە نێوان ( کوی آئی پی‌وهوا ) وە کاوگ پەیدابگرێت ، بەتایبەتی کە لە داستانە کۆنەکانی ئیرانی‌دا کاوگ یەکێکە لـە پیاوانی دەورەی پێشدادی‌و ( کی اپیوە ) یەکێکە لە پاشا یاخود شازادەکانی کیانی‌یەکان . » .

رەنگ بێ‌ئیتر خوێنەران دوای ئەم بەلگـە مێژوییە بناخە پتەوانە نرخو بایەخی کاوەی ئاسنگەریان لاگرنگ تر ئەبێت وەئەوانەی بە هەلەش کاوە بە پیاوێکی دژ بە نەتەوەی خۆیانی لەقەلەم ئەدەن ئەوا لەمەولا بۆی ئەکەونە پاکانەکردن . بەلام دەربارەی ئەوەی کـە کورد بـو کاوەی‌کردووە بـە قارەمانـی خوی کە کاوە ئەبوایـە قارەمانـی هەموو گەلانـی ئاریایی بوایـە ، جگە لەوەی کـە لە پێشەوە لـە زمـان مامۆسـتا ذەبیحی‌یەوە پێشدادی بـە باپیرانی مادەکـان لەقەلەمداو مادەکانیش بە باپیرانی‌کورد کە کاوەش رۆلەیەکی بەناوبانگ‌و دیاری پێشدادی‌یەکانە جگەلەوە ئەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە بونەتە بەلگەی تری ئەم باسـە .

دوکتور ذبیح الله صفا لە زمان فیردەوسی‌یەوە ئەلێت(٤٣) شۆرشگێرانی دەورو پشـتی کاوە بناخەی نەتەوەی کوردیـان دامەزراندووە ، گوایا ئەو

لاوانەی لـە دەست مەرگو کردنە خۆراکی مارەکانـی سەرشانی ضحاك رزگارکراونو کۆبونەتەوە ، نەژادی کوردیان لێکەوتۆتەوە .

هەروەها ( ابو الحنیفە الدینوری )[٤٤] لای وایە کە ضحاك لە سەرەتاوە وەزیرێکـی لە نەتەوەی خۆی لەگەڵدا بووە .

بەڵام لە پاش ماوەیەك پیاوێکـی لە بنەماڵەی ارفحشـد ( جەمشید ) کردووە بە وەزیـر ناوی ئەرمیاییل بووە ، ئەرمیاییل ـ یش هەر لە چوار کەس کە مۆخـی سەریان‌داون بە دوو مارەکەی سەرشانی ضحاك دوانیانی ئازادکردووە ، وەلە جیاتی ئەوان مۆخی‌سەری دوو مەڕی داونەتێ وەئەم ئازادکراوانـە نیردراون بـۆ چیاوکێوو ئەڵێن ئەوانە باپیرانی نەتەوەی کـوردن .

لێرەدا ئەبـێ ئـەوە بخەینە پێشـ چاوکـە ریـێ تێ‌ئەچێـت ئەمانـە بەشـێك بـن لـە باپیرانـی نەتـەوەی کـورد بـەڵام گومان لەوەدا نی‌یە کە هیچ نەتەوەیەك لـەم سەرزەمینەدا بەو شێوەیە پێك نەهاتووە . وەکو ئەش‌زانـن لەم باسەدا مۆڵەتی ئەوە نی‌یە لەسەر چۆنیتی پێك‌هاتـنو دامەزراندنی نەتەوە بدوێین . تەنیا ئـەوە هەیـە کـە ئەم بیروڕایەی ( ابو الحنیفە ) وەکـو کاوەمـان بۆ ئەکات بە قارەمانێکی کورد ئـەو بەڵگەیەشمان ئەداتـە دەسـت وەکـو بەڵگە باسکراوەکانی‌تر کـە داستانی‌کاوە زۆر لـە ماددو دەوڵەتی ماددو فـەرمانڕەوایانی مادد بـە ئاسـتیاگ ـ ەوەکون ترە .

لە کوتایی ئەم باسە کورتەدا ئەبێ ئە وراستی‌یە بخریتە روو کە کاوەو داستانی کاوەو نەورۆزی کـورد بونەتە پارچـەیەکی زیرینی پرشنگداری فولکلوری لـە تێك‌چوونو هەڵوەشاندنەوە نەهاتووی نەتەوەی کوردوە هەر وزەیەکـی دەرونیانە کـە جێ‌پێی خوی قایم‌کـرد لە نیو هـەر

نەتەوەیەکدا ئەووزەیە ئەبێت بەوزەیەکی ماددی کە ئیتر ئامێتەی مێژووی ئەو نەتەوەیــە ئەبێت •

وەنەبێت هەر کورد لەم کۆرەدا تاکو تەنیا بێت بەلکو لەم بابەتــە داستانو ئەفسانانە بونەتە بناخەو سەرچاوەی روشنبیریو وزەی دەرونیانەو ریســی مێژووی گەلێك نەتەوەی زیندووی ئەم سەر زەمینە •

هەواڵنامەی کتێب

# نەورۆز لە نێو مێژوو نووس و
# ئەدیبانی کوردا

پێویستە لــە باســی نەورۆزدا هیچ نەبێت گەشتێکی سەرپێیی بە ناو بەرهەمی مێژوونووسان و ئەدیب و شاعیرو چیرۆك نووســانی کوردستاندا بکەیــن ، تا وێنەیەکــی گشتی ئەم دیاردە نازدارە بکێشین و بیخەینــە پێش چــاوی خوێنەرانەوە .

ئەوی راســتبێت ئــەم باســە هەرلەورۆژەوە نەورۆزی گەشــی تیا ناونراوە تائێســتا تونــدو تۆڵ بەنــدە بە مێژووی دێرینی کــوردو کوردستانەوە .

مێژووی کوردیش لە فولکلــوری کــوردی‌یەوە تاپۆپــەی باری کۆمەڵایەتی لەم باسەدا رەنگ‌ئەداتەوە . ئەم باســە باس و خواســێکی فرەبابەت و فرەلایەنە پسپۆرانی کوردو بێگانەش ئەتوانن لە کلاورۆژ نەیەکی روونالك و فراوانەوە لێ بکۆڵنەوەو لێی‌بدوێن و لە سەری بنووسن نەك هەر دەربارەی باری ناوخۆی کوردستان بەڵکو دەربارەی پەیوەندی ئــەم ناوچەیەش بە دراوســێ و دەوڵەتانی دوری خاوەن قازانجیشــەوە لە هەرێمی رۆژهەڵاتــی ناوەراســتدا .

هەروەها ئەم باســە پەیوەندی‌یەکــی تەواوی هەیــە بە دەسەڵاتی ئیمپراتوری‌یەتە گەورە لە ناوچووەکانــی ناوچەکەو دەرەوەی ناوچەکە ،

که لە دەورو چەرخەکانی پێشودا حوکمدارو فەرمانرەوای چەند گەلێك یاخود زوربەی زۆری گەلانی ئەم هەرێمەبوون کە گەلی کورد لایەنە قورسەکەی ئەم فەرمان رەواییەی کەوتبووە سەرشان •

بێ گومان ئەم هۆیانەو هۆیە تایبەتی‌یە دروست بووەکانی ناوخودی گەلی کورد خۆی نەتەوەکەمانی خستۆتە ئەم چوارچێوەو هەڵو مەرجەی ئیستاوە •

وەکو ئەزانین هەمیشە ئەم ئیمپراتوری‌یەتانە لە کورد زۆرترو دەسەڵاتدارتربوون ، بۆیە توانیویانە جێگای دەستو پەنجەی نالەباریان بە ناوچەوانی کوردو خاکی کوردستانەوە دیاربێت وەبتوانن لە گەلانی ژیر دەستەی تری خۆیانی زیاتر بەرەو دواوە بەرن •

بەڵام سەرەڕای ئەمەش نەتەوەی کورد هەمیشە چاوقایمو نەبەزو خۆپەروەرو وڵات لا خۆشەویست بووە ، هەرچەندە هەمیشە تای‌تەرازووش بەلای دوژمنانیا قورسو لاسەنگ بووە بەڵام ئەم هەرگیز نەچۆتە خانەی خۆ بە دەستەوەدانو سەرشۆڕی‌یەوە • رێبازی بەربەرەکانی سەختو درێژخایەنی گرتۆتەبەر ، خۆش‌بینو بروا کردوو بووە بە سەرکەوتن ، خۆی لە توانەوەو خاکەکەی لە لوش‌دان پاراستووە •

وەکو ئەیزانین ئەم زۆرانبازی‌یە مێژووییە سەختە خوێناوی‌یە دەیان سەدان ساڵ تەمەنی هەیە ، لە بریتی داستانێك سەدان داستانی قارەمانێتی‌و دلیری‌و فیداکاری سەرسورمێنی دروستکردووە • سەدان لاوكو حەیرانو قەتارو ئەڵلاوەیسی‌و خاوکەر بۆ ئەم داستانانە لە دەشتو هەڵەتو کێوو گوی رووبارە سازگارەکانی کوردستان دەنگیان داوەتەوە • بەڵام لە جیاتی ئەوەی ئەو داستانانەش هەر یەکە وەکو ڕۆژی نەورۆز لە ڕۆژانی تایبەتی خۆی‌دا یادبکرێنەوە ، هەموو جارێك وزەی دەرونی (الطاقه النفسیه)

ئەو داستانانەش یەك لە دوای یەك خراونەتە سەر وزەی نەورۆزی کاوەی ئاسنگەرو بەم پێیە بۆتە شاتاقانە جەژنی کوردو کوردستان .

بۆیە ئەم چێژو پیرۆزو وزەیەی پێوە دیارەو تا دێت هەر گەشەدارو پرشنگ دووررەوتر ئەبێت .

لە هەموو کوچەو پەنایەکی کوردستاندا ، لە ناو هەموو تیرەو کۆڕو کۆمەڵوچینو توێژالێکدا،لای هەموو کەسانی خوێندەوارو رۆشنبیری کورد لای مەلاو شێخو پیرو جوانو ئاین‌دارو جیهان ویستێکی کورددا ، نەورۆز هەر پایەبەرزو بایەخدارو مژدە بەربووە .

پێش رۆشنبیرانی سەردەم ، مەلاو پیاوانی ئاینی کورد ، سەرمەشقی نەورۆزیاندائەداو کاسەی نەورۆزیان ئەنووسی‌یەوەو نەورۆز نامەیان بلاوئەکردەوە .

پیاوە ئاینی‌یە جوامێرەکانی کورد کە لە کۆڕی ئەدەبو وێژەو هەڵبەستو کوردایەتیدا تا نیوە سەدەیەك لەمەوپێش پێشەنگی هەموو رۆشنبیرانی کوردبوونوە سەبارەت بەوەی لە ناخی بوونو لە چۆنێتی نەورۆز گەیشتبون ، نەك هەر پروپاگەندەی دژ بە نەورۆزیان بە هیچ ئەزانی بەڵکو بێ باکانەو مەردانە نەیانئەهێشت ئاگری نەورۆز لە دڵو دەرونی خەڵکی کوردستاندا بکوژێتەوە . لەو راستی‌یە گەیشتبون کە ئاگری نەورۆز تیشکی ئاگادارکردنو راپەراندنە .

ئاگرو روناکی مژدەهێنەری رزگاریو بەختیاری‌یە ، چرای رێ رۆشنکەرەوەی دەستی پێشرەوانە ، روناکی تاریکی رەوێنە ئەو روناکی‌یەی لە هەموو ئاینە خودا ناسەکانی سەرزەمینداو بە تایبەتی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ستایش کراوەو دەستی رێزی خراوەتە سەرو بە روناکی ئاینو رێبازی پاكو راستشەوەزەنگی کوێرەوەریو نەزانیو زۆرداری راوەدوونراوە .

لەبەر ئەوەیـە هەروەکـو پیرەمێردی نەمـر ئاگری نەورۆزی لـە شاری سلەیمانیدا کردۆتەوە ، هەروەهـا سـەدان هاوکارو هاوشانیتری پیرەمیرد لە شارەکانی دیاربەکرو بەتلیسو مەهابادو سەقزو سنەو کرماشان... ئاگـری بلێسەداریان لە چیا سەرکەشە رەنگینەکانی کوردستان بە هەمـان ویستو ئارەزووەوە ، لە هەموو هەلو مەرجێکی لە بارو نالەباردا کردۆتەوە.

ئەگەر سەیری وێژەو هەلبەسـتو چیرۆکـی دەسـت رەنگینانـی سەرانسەری کوردستان بکەیـن ئەبینین نەورۆز مەشخەلێکـی تیایاندا بە دەسـتەوەیە ، رەوتی کۆلنەدانو ئومێدو مەبەست ، وەك ئالای بەرشەماڵ ئەشەکێتەوەو وەك ئاوی دەریاچەکانی کوردستان شەپۆل ئەدات .

بۆیـە شەرەف خانی بەتلیسیو ئەحمەدی خانیو بابە تایەری هەمەدانیو پیرشالیاری هەورامیو گۆرانو شێخ مەحمودی گەورەو نەمـرو دەیان پیاوانـی کوردی خاوەن شـکۆو دەسترەنگینو کوردپەروەر لەمەوبەرو ئیستاو لەمەودواش هەر لەسەر ئەم رەوتو رێبازە ، بلێسەی روناکـی نەورۆز گەشاوەو خۆشتر ئەکـەن .

شـێخ مەحمودی نەمـر بە ئیلهامی کاوەو پیکەکەیەوە کـە رابەرێکی پاكو خاوێنو دلێرو کون لە جەرگ نەبووی نەتەوەی کوردبوو ئەلێت[٤٥] :

فەرهـادی کێوی کوردمو هـاواری کوردئەکـەم
دوژمـن بەپیکـی کاوە وەکـو شیشـەوردئەکەم

پێش شیخ مەحمود ـ یش مەلای جزیری لە نێوان سالانی ١٤٠٧ ـ ١٤٨١ دا لە هەلبەسـتێکدا ئەلێت[٤٦] :

بێ نارو نورێ محبتی بێنقشو صونعێ قدرەتـی
ناچـین مقامـــی وصـلتی نـور لنا والیـل داژ

ئەڤ نـورو سـیقالادله دائـــم لـویٚ قالـەدله
نـەوروزو سـەرسالادله وقتی هەلیتن ئـەو سراج
خەتا بنورا بادەئیرەنگـین نەکـی سـجادە ئـی
دوری ژوی شەهزادەئی دوڕدانـە یاگەردن ژعـاج

هەروەها دوای مەلای جزیری ، ئەحمەدی خانـی دەسـت رەنگینو بەناوبانگ کە لە نێوانی سالآنی ١٦٥٠ ـ ١٧٠٦دا ژیاوە نەورۆزی بـەم هەڵبەستە رازاندوتەوە(٤٧) :

هەواڵنامەی کتێب

## نەڤرۆز

دانای معمری کوهەن سال : ئەڤ رەنگە کوژ بومە ئەحوال
کوعادەتی پیشیێ زمانان : ئەڤ بول هەمی جەهومکانان
وەقتی وەکوشەهواریخاوەر : تمویلی دەکرە ماهی آزەر
یعنیکو دەهاتە بورجی سەر سال : قەت کەس نەدمادمسکن ودمال
بالجملە دچونە دەر ژمالان : حتاد گەهشتە پیرو کالان
روژا کود بویە عیدی نەوروز : تعظیم ژ بودمال ئەفرۆز
صحراوچەمەن دکرنە مسکن : پەیداو دەمەن دکرنە گولشەن
خاصماعزب وکچی دباکر : القصە جواهری د نادر
تێكدا دمزنی وملبس : ڤێکر ل تفرجی مرخص
لکن نەبە تهمتو بەمنت : بەلکێی بە طریقیێ شرع وسفت
ئەو بو کوچ طالبو چ مطلوب : یعنی دو طرف محبو محبوب
ئەڤ هەردو جلب کوهەڤ ببینن : کڤوی دفوە ئەوژ بوخوبینن

دوای ئەو لە ناوەراستی کوردستانەوە سەید رەحیمیێ سەرشاتەیێ ( مەولەوی ) پەنجە رەنگین کە لە نێوانی سالآنی ۱۲۲۱ — ۱۳۰۰ی کۆچیدا ژیاوە دەربارەی نەورۆز وتویەتی(٤٨) :

نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن
یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن
یانێ : ئازیزەم یەنامەی تۆ بۆ

هەواڵنامەی کتێب

ئەی ئەسرین گەرم تاوتاوە راسەن
ئەی دڵەی پەی من هوو ناوەراسەن

هەروەها پیرشالیاری مێژووناسی زاناو ئاین پەروەر لەکتێبی ( ماریفەت )دا کە بەراوردی رووەکی کوردستانی پێش نەورۆزو پاش نەورۆز ئەکات ، ئەڵێت :

داران گیان دارەن جەرگو دڵ پەرگەن
گاهی پر بەرگەن گاهی بێ بەرگەن

پیرەمێردی نەمریش پێش کۆچی دوایی ساڵی ١٩٥٠ پێش ئەوەی ماڵئاوایی لە کوردو نەورۆز بکات ئەم شاکارە رەنگینە هەمیشە زیندووەی بۆ بە جێهێشتین ئەبێ لە بواری ئەم باسەدا ئەو جوامێرییەی حاجی تۆفیق بیربخەینەوە کە هەموو ساڵێك ئاهەنگێکی گەورەی بە بۆنەی نەورۆزەوە لە گردی مامەیارەی شاری سلەیمانیدا ئەگێڕاو مەنجەڵە یاپراخو ئەرکو ماندووبوونی هەرە زۆری ئاهەنگەکەی ئەگرتە ئەستۆ ، ئەمە جگە لەوەی هەموو ساڵێك یان بە دوو ساڵ جاریکێش هەڵبەستێکی نوێی بۆ نەورۆز رێك ئەخستو بڵاوئەکردەوە ، کە دوا هەڵبەستی کورتەو پوختەی خەباتی خوێناوی شۆرشگیرانەی ڕەوای نەتەوەی کوردە کە ئەم هەڵبەستەی خوارەوەیەو بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٤٩ وتراوە(٤٩) .

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشیو بەهاتەوە
چەند ساڵ گوڵیهیوای ئیمەپێ پەستبوو تاکو پار
هەرخوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەم رەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بلندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوورو نزیك ئەبرد

ئەوا ڕۆژهـەڵات لـە بەندەنـی بەرزی وڵاتـەوە
هەر خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهـای خسـتە جەرگـەوە
لاوان بە عەشـق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە
تائیسـتا رووی نـەداوە لـە تاریخـی میللەتـا
قەڵغانـی گوللە سـنگی کچـان بـێ لـە هەڵمەتا
پێی ناوێ بـو شەهیدانی وەتەن شـیوەنو گرین
نامـرن ئەوانـەوان لــە دڵی میللەتا ئەژیـن

حاجی میرزا رەحیمی وەفایی کـە لە نێوان ساڵانی ١٨٤٤ ـ ١٩٠٢ز
ژیاوە ، لە مەهابادی خەباتو دلاوەری‌یەوە ئەم هەڵبەستەی بەسەر نەورۆزدا هەڵـــداوە(٥٠) :

نەسیمی بادی نەورۆزی شـەمیمی عەبهەری هێنـا
بەریـدی عاشـقان دیسـا پەیامی دولبەری هێنـا
نەوید ئـەی عاشقانی دڵ نیگار یارهاتـە سەرخەندە
سەدایی بولبولان دیسـا درەختی گوڵ بەری هێنـا
مەگەر رووی کەوتە زولفو رووی حەبیم بادی نەورۆزی
حەیاتێکی بـە دونیاداوە بـۆی گوڵ عەنبـەری هێنـا

•••• •

••••

لە مەیخانە چەمەن بـەزمو طەرەبیان گرت قـەدەح نۆشان
شـەقایق بادەزەنبەق شیشە نیرگـز سـاغیری هێنـا

••••

••••

به شەوقی روویی لالـەو گوڵ لـە باغـاندا چراغانـە
دەڵێی باغەجەنەت ئەمسـاڵ بەری حوروپەری هێنـا
لە گوڵشـەندا رەیاحین مەستو شادابی هەوای خۆشن
دەڵێی ریضوانە بـۆ ئەهلی بەهەشتی کەوثەری هێنـا
بە بێ شاباشـی شەر بە قسەی ( وفایـی ) گوڵ چرانابێ
کە بولبول هەرزەمانێ هەن هەندە پەروانەی سەری هێنـا

عەبدوڵلا بەگی گوران ــ ی نوێ خواز نـوێ کـەرەوەی شـیعرو هەڵبەستی کوردی لە ساڵی ١٩٦٠دا بەم جۆرەی خوارەوە نەورۆز بە گەلی کـورد ئەناسـێنێ[٥١] :

ئەی نەتەوەی کـاوەی زنجـیر قەف بـڕ !
رۆژی نـەورۆز دای بـە هەوری زسـتان دڕ !
گەرمـی وژیـنو شـادی هێنـا بـە دیـاری
کـوردی خسـتە جەژنـی تازەی بەهـاری
پووش بـوو بەگیاچیلکەی باخ بوو بـە دارگـوڵ
لەوشـکەسی کانـی کەوتـە قوڵـە ــ قـوڵ
گوڵاڵـەی دەشـت ، نیرگزی مەست ، وەنـەوشە
وەك پێشـەنگی بەهـار کەوتوونـە گەشـە
ئەلـێی پەلـەی پەرداختـی نـەورۆزیانـە
بۆ جەژنـی کـورد ئـەو گوڵانەش سـۆزیانە
هـەروەك سـروشت ئاگادار بـێ کـە کـاوە
چ رەنجێکـی بـۆ ئـازادی گـەل داوە !
هـەروەك مـەلان بـە حـەواوە بزانـن !
کـە بە ساردی چەنـد دای چەکوش لە ئاسـن !
تازنجـیری ئـەژدە هاکـی لـە گـەردن

نەتەوەیەك دامالی پیکی ئاسن
شەوی دیلی بوو بە ڕۆژ خەم بە شادی
زستان گەرا بە بەهاری ئازادی
ئەی هاوچینو هاونەتەوەی کاوەی مەرد !
تۆیش بە بازووی خەباتی سەختی وەك بەرد ،
شەڕفرۆشو ئیمپریالیستو ناپاك
وا داپلۆسە کە یەکسان بن لەگەل خاك
ئیتر هەرگیز سەر هەڵنەبرن وینەی مار
هەنگوینی ژین لە مرۆڤ پڕکەن لە ژار

ئەمانە چەپکێکی لە مێرگو مێرگوزاری فراوانو رازاوەی پرداستانی بەرهەمی بە خوێنو ئارەقو فیداکاری موتوربەکراو ، بەتالیو شیرینی ژیانو گوزەرانی خەلکی کوردستان هەوێن کراو •• ئیتر هیوادارم خوێنەران بەم چەپکە رازیبن •

وەلە ئەنجامی باسەکەدا ئەو راستییە ئەخەمە روو کە نەورۆز خەریك بووبێکی گەلێك لەمە زیاتری ئەوێت ، ئەم ئەرکە گرنگەش ئەکەوێتە ئەستۆی مێژوونووسانی زاناو شارەزایانی داستانو ئەفسانەو رەخنەگرانی مێژوو ئەدەبو چیرۆکی کوردی کە هەر کەسێك لەم بەرێزانە دێرێکی نوێ بهێننە کۆری ئەم بابەتەوە ، زانستییەکی نوێ ئەخەنە پاڵ ئەوانەی پێشو لە کتێبخانەی کوردیداو ئەرکێکی سەرشانیش بەرامبەر نەتەوە تێکۆشەرە وەفادارەکەیان جێبەجێ ئەکەن •

هەولاتنامەی کتێب

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

١ ــ محمد حسين بن خلف تبريزى متخلص ببرهان ــ فرهنگ برهان قاطع ــ جلد چهارم ــ صفحه ٢١٨٧ ٠

٢ ــ ئەو ناوچەیە ئەوسا پارچەیەك بووە لە مولکی ماددەکان ، ئیستاش کە پێی ئەڵێن ئازربایجانی رۆژئاوا کە لە ورمێوە دەست پێ ئەکات تا میران‌شەهر ( خانە ) هەر بەشێکە لە کوردستانی ئیران وەئازربایجانی رۆژهەڵات کە پایتەختەکەی تەورێزە ئەمیش بەشێکی زۆری خواروو رۆژئاوای هەر کوردی‌شارنشینو دێ‌نشینن ــ نووسەر ٠

٣ ــ لای دوکتور محمد معین زمانی فارسی درێژەی زمانی پێشدادیو ئاویستایە کە راستیەکەی زمانی کوردی درێژەی زمانی ماددەکانو ئەوانیش هی پێشدادییە ٠

٤ ــ دکتور محمد معین لە فەرهەنگی برهان قاطع لە لاپەرە ٢١٨٧ ــ ٢١٩٣ وای لێك‌داوەتەوە ٠

٥ ــ بێ گومان ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە نەورۆز زۆر کۆنە ، وەلەکاتێك‌دا هاتۆتە کایەوە کە هێشتا چاخی سەهۆڵبەندان بە تەواوەتی یەخەی ئەو ناوچەیەی بەرنەداوە ، بۆیە وەرزی سەرما دە مانگ بووەو وەرزی فێنکیو خۆشیان دوومانگ بووە لە ساڵێك‌دا ٠ وەدوای ئەوەی ئەشکی سەرما لە سەرزەمین‌دا شکاوەو ئەوچاخە بەتەواوەتی دوورکەوتۆتەوە ئیتر قەوارەی هەردوو وەرزەکەش گۆڕاوە ، زستان

چۆته یەكو بەهـارو هاویـنو خۆشیان بە ئەندازەی چوونە یەكە كە جێگایان پڕكردۆتەوە ، كـە ئەمـە ١١٠٠٠ ــ ٩٠٠٠ ساڵ لەمەوبەرە ــ نووســەر ــ •

٦ ــ محمد عبدالرحمن زەنگەنە ــ نەورۆزنامە ــ لاپەرە ٩ •

٧ ــ الدكتور محمد عبدالرحمن مرحبا ــ قبل ان يتفلسف الانسان ص ١٢ •

٨ ــ ك • ك • راثفين ــ الاسطورە ــ ترجمە جعفر صادق الخليلي ص ١٩ •

٩ ــ الدكتور محمد عبدالرحمن مرحبا ــ قبل ان يتفلسف الانسان ص٣١ •

١٠ــ ك • ك • راثفين ــ الاسطورە ــ ترجمە جعفر صادق الخليلي ص ٣٣ •

١١ــ دكتر ذبيح الله صفا استاذ ممتاز دانشگاه تهران ــ حماسە سرايي در ايران ــ از قديمترين عهد تاريخي تاقرن چهاردهم هجري ــ تحقيق دركيفيت تكوين وتدوين روايات ملي ونظم آنهـا بلهجات اوستايي وپهلویو ــ حماسە هاي مليو تاريخیو ديني ــ بنياد داستانهای ملي • ص ٩٧ •

١٢ــ دكتر ذبيح الله صفا ــ حماسە سرايي در ايران ــ سر آغاز ص (ك) •

١٣ــ محمود سليم الحوت ــ في طريق الميثيولوجيا عند العرب ــ ص ٦٩ •

١٤ــ د • نبيلە ابراهيم ــ الاسطورە ــ ص ١١ •

١٥ــ هەمـان سەرچاوە ص ٢٠ ، ٢١ •

١٦ــ هەمـان سەرچاوە ص ٧٨ ، ٧٩ •

١٧ــ عبدالرحمن ذەبیحی ــ باتەپوتۆزی سـاڵان لە نـەورۆز بتەكێنين • ڕۆژنامــەی هاوكاری ژمارە ١٥٩ ڕۆژی ٢٣/٣/١٩٧٣ •

سەرنج : لە گواستنەوەی نووسینەكانی ماموســتا ذەبیحیدا هەندێك لەڕوی زمانەوانییەوە دەستكاری ڕێنووسو دارشتنەكەیـــم كردووە ، تكای لێبوردن ئەكەم ــ نووســەر ــ •

١٨ـ البروفيسور هـ أ . رايت ـ العصر البلاستوسيني في كوردستان
فؤاد حمه خورشيد ـ ص ٨٢ .

١٩ـ عبدالرحمن ذەبیحی ـ رۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١٥٩ رۆژی ١٩٧٣/٣/٢٣ .

٢٠ـ حسن پیرنیا ( مشیر دوله سابق ) تأریخ مختصری ایران تا انقراض ساسانیان ـ تهران ـ مطبعة مجلس ـ سنه ١٣٠٨ ص ٥٦ .

* سەرچاوەی پێشوو .

٢١ـ دكتر ذبیح الله صفاـ حماسه سرایی درایران ص٤٢٤ .

٢٢ـ محمود سليم الحوت ـ في طريق الميثولوجيا عند العرب ـ ص ٥١ .

٢٣ـ دكتر ذبيح الله صفا ـ حماسەسرای درایران ـ ص ٤٢٤ ، ٤٢٥ .

٢٤ـ سەرچاوەی پێشو ص ٤٥٨ .

٢٥ـ سەرچاوەی پێشو ص ٤٥٨ .

٢٦ـ سەرچاوەی پێشو ص ٤٥٩ .

٢٧ـ علی اکبر دهخدا ـ لغت‌نامه ـ تهران ـ سال ١٣٢٨ .

٢٨ـ ابو الريحان محمد ابن احمد البيروني الخوارزمي المتوفى ٤٤٠ هجريه
الآثار الباقيه عن القرون الخاليه ص ١٠٣ .

٢٩ـ علی اکبر دهخدا ـ لغت‌نامه ـ تهران سال ١٣٢٨ .

٣٠ـ دكتر ذبيح الله صفا ـ حماسه سرایی درایران ـ ص ٤٨٦ .

٣١ـ سەرچاوەی پێشو ص ٣٩٣ ، ٣٩٤ .

٣٢ـ ڤیدا ـ Veda

بە زمانی سانسکریتی مانای زانستی‌یە ، چوار کتێبە سەرەکی‌یە پیرۆزەکان لە هندستانی کوندا ئەمانەن : رەج‌ڤیداو ئارتاخا ڤیداو

هەواڵنامەی کتێب

ساماڤیداو یا جورڤیدا ، که لــه نێوان سەدەی دەو ســەدەی پینجی پێش زایینیدا دانراون • وەزاراوەی ڤیدا دیسانەوە ئەم کتیبو نامانه ئەگرێتەوە، براهمانا ئەو کتێبانەیە که فرمانەکانی ڤیداشیو لێك ئەدەنەوە وەیوبا نیشاد چەند نامەیەکه پەرستکاریو ئەفسانەکانی ڤیدا بــه شــێوەی لێکۆڵینەوەی فەلسەفیانه ئەخەنه پێشچاو چونکه باسکردنی خوداو مرۆڤو سروشت ئەخەنــه پێش هەموو باسێکیترەوە هەروەها زاراوەی ڤیدا به واتای ( کتێبی پیرۆز ) یاخود ( بالاترین حیکمەت ) بەکاردێت • وەڤیدا شان به شانی بــیروڕای ئاینی کــۆن باســێکی خەڵوەتیانەی رووتی تێدایه کــه هۆو ئامانجەکانی بوونــی جیهانو رەوشتی مرۆڤانه ئەخاته پێشچاو • وەرگیراو له ( الموسوعه الفلسفیه ـــ وضع لجنه من العلماء والاکادیمین السوڤیاتیین باشراف م• روزنتال ، ب • یودیــن ـــ ترجمه سمیر کرم ـــ دار الطلیعه ـــ بیروت ) •

٣٣ـــ دکتر ذبیح‌الله صفا ـــ حماسه سرایی در ایران ص٤٢٦ •

٣٤ـــ پروفسور کای‌بار ـــ دیانت زرتشتی ـــ مقاله اول ـــ مجموعه سه‌مقاله ازپروفسور کای بار ، پروفسور آسموســن ، دکتر مری بویس ـــ ترجمه فریدون وهمن ـــ انتشارات بنیاد فرهنگ ایران ص ٢٠ •

٣٥ـــ ئی • ئیم • دیاکۆنۆف ـــ میدیا ـــ برهان قانع له فارسییەوە کردوێتی بــه کــوردی ص ٤٣ •

٣٦ـــ حســن پیرنیا ـــ مشیر دوله سابق ـــ تأریخ مختصری ایران تا انقراض ساسانیان ـــ تهران ـــ مطبعه مجلس ـــ سنه ١٣٠٨ •

٣٧ـــ دکتر ج ـــ ب آسموســن ـــ مقاله‌دوم ـــ اصــول عقاید واعتقادات دیانت زرتشتی ـــ مجموعه سه‌مقاله پروفیسور کای‌بار ، پروفســور آســموسن ، دکتر مری بویس ـــ ترجمه فریدون وهمــن ، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران ص ١٠٣ •

٣٨ـ دكتر ذبيح‌الله صفا ــ حماسه سرايى درايران ــ ص ٣٢ ٠

٣٩ـ سەرچاوەی پێشـــو ص ٤٥٧ ٠

٤٠ـ آرثر كريستنسن ــ استاذ الدراسات الايرانيه بجامعه كوبنهاجن ترجمه يحى الخشاب استاذ الدراسات الشرقيه بكليه الاداب جامعه القاهره عميد كليه الاداب سابقا ، راجعه عبدالوهاب عزام استاذ الدراسات الشرقيه وعميد كليه الآداب ــ جامعه القاهره وسفير مصر سابقا ص ٤٨٣ ٠

٤١ـ سەرچاوەی پێشـــو ص ٤٨٣ ٠

٤٢ـ ذبيح الله صفا ــ حماسه سراى درايران ص٥٧٠ ٠

٤٣ـ سەرچاوەی پێشو ص٤٥٢ ٠

٤٤ـ سەرچاوەی پێشو ص٤٥٩ ٠

٤٥ـ رۆژنامەی هاوكاری ژمارە ٢١٠ رۆژ ١٩٧٤/٣/٢١ ٠

٤٦ـ محمد عبدالرحمن زەنگەنە ــ نەورۆزنامە ص ٢٠ ٠

٤٧ـ سەرچاوەی پێشو ص ٢٧ ٠

٤٨ـ سەرچاوەی پێشو ص ٣١ ٠

٤٩ـ محمد رسول هاوار ــ پیرەمێردی نەمر ــ ١٨٦٧ز ــ ١٩٥٠ ز لە لاپەرەی ١١٧دا ماموستا هاوار ئەلێ : لە بیرم دێ رۆژێك دەمە دەمی عەسربوو لە شاری سلەیمەنی ــ وا بزانم سالی ١٩٤٨ بوو لاوان بە كورو كچەوە بەناو شاری سلەیمانی‌دا بە شەقامەكان‌دا خۆپیشاندنێكی گەورەیان‌نواند ، شاری سلەیمانی بە تەواوی سامی لێ‌نیشتبو ، كۆنەپەرستو دوژمنانی گەل بەسەر شۆری‌یەوە ئەیان‌روانی‌یە دیمەنی ئەو لاوە خوێن‌گەرمانە ، ئەو رۆژانە رۆژەكانی راپەڕین بوو لە شاری هەڵمەتو قوربانی‌دا وەكو هەموو شوێنەكانی تری عیراق ٠٠

هەواڵنامەی کتێب

لەو خۆنیشاندانەدا ، تاقمیك کورو کچی منداڵ لە پێش هەموانـەوە ئەڕۆیشتن ، سـەرو چەپکە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگیان بە دەسـتەوەبوو هەموو روویان ئەکـردە گردی سەیوان بۆ ئەوەی ئـەو چەپکـە گولانـە لە سەرگۆڕی شەهیدانی ڕێی ئازادی کوردستان دابنێن .
لەو کاتەدا پیرەمیرد لەبەر دەرکی سەرادا لەبەر دوکانەکەی وەستا حەمە سەعیدی خەیاتا بـە خۆیو بۆرە گاڵوکەکەیەوە راوەستابوو ، چاوی بڕیبووە شەپۆلی ئەو لاوە سەربەرزە نەبەردانەی کە هەمـوو قـینو بێزاریو تورەییان لێ ئەتکا بەرامبەر بە دوژمنانی گەل .

پیرەمیرد جاروبار شاێکی هەڵئەتەکاندو تفیقووت ئەدا ، رەنگێکی ئەهێناو رەنگێکی ئەبـرد ، لە دڵی خومدا وتم وا دیارە خاڵە شتێکی پێیە ... لە دواییدا بیستم کـە شەودایەتو میوانەکانی قەڵەندەرخانە گردئەبنـەوە ، پیرەمیرد ئەڵـێ جمیـل ( نیازی لە جمیـل صائبـی خوشکەزایەتی ، کچو لاوەکانی ئەمرۆت دێ ئەویش لە وەراما ئەڵێ بەڵێ‌خاڵە . پیرەمیرد ئەڵێ دەگوێ بگرە ئەم هەڵبەستەم پێشکەشـی بەوانـەکردووە .

٥٠ــ عبدالرحمن زەنگەنە ــ نەورۆزنامـە ص٤٤ .

٥١ــ محمدی مەلاکریم ــ سەرجەمی بەرهەمی گۆران ــ بەرگی یەکـەم دیوانی گۆران . لە سلەیمانی لە مارتی ساڵی ١٩٦٠دا وتراوە ص٣٠٩.

سـەرنج «١»

هەوڵم داوە ئەو بیروراو نووسینانەی لە سەرچاوەکانەوە وەرم گرتوون دەقاو دەق وەکـو خۆیان بڵاویان بکەمەوە .

سـەرنج «٢»

ــ جگە لەوانەی باسکراون لەم سەرچاوانەشەوە کەڵکم وەرگرتووە

آ ــ ادى شير رئيس اساقفه سعرد الكلدانى الاثورى ــ كلدوواثور ــ
الطبعه الاولى ١٩١٢ فى بيروت الناشر الشماس يوسف دخو .
الجزء الاول .

ب ــ هەمــان سەرچاوە ــ الجزء الثانى .

ج ــ دكتر رضا زاده شفق ــ فرهنگ شاهنامه با شرح حال فردوسیو
ملاحظاتى درباب شاهنامه ــ ازنشريات مجمع ناسركتاب شماره
٨ ــ طهران شهريور ماه ١٣٢٠ ــ چابخانه ايران .

د ــ الدكتور قيس النورى ــ الانثربولوجيا ؟ الموسوعه الصغيره ــ
١٧٥ .

هـ ــ جبرا ابراهيم جبرا ــ الاسطوره والرمز ــ دراسات نقديه .

و ــ الدكتور حسام محى الدين الآلوسى ــ بواكير الفلسفه قبل طاليس
او من الميثيولوجيا الى الفلسفه عند اليونان .

ز ــ يوسف الحورانى ــ الانسان والحضاره مدخل دراسه ــ
منشورات المكتبه العصريه ــ بيروت ــ صيدا .

ح ــ على حسين الجابرى ــ الحوار الفلسفى بين حضارات الشرق
القديمه وحضارة اليونان .

سەرنج «٣» چەند دێرێکیتر دەربارەی جەمشید

لەبەر ئەوەی دامەزراندنی ڕۆژی نەورۆز لە نێو گەلانی ئارياییدا بە جەمشیدەوە بەستراوەو جەمشیدیش لە مێژوو داستانو ئەفسانە فولکلۆرییەکانی گەلانی هیندو ایرانیدا پایەو شوێنێکی شایستەی هەیە ، بە پێویستمان زانی هەندێك زیاتر بە خوێنەرانی بناسێنین .

جەمشید لە هەموو کتێبە ئاینییە کۆنەکانی ئارياییەکاندا ناوی هاتووە وەکو ڤیدا مەهابەهارەتە ، ئاوێستا ، دینکرد ، ... هەروەها

مێژوونووسەکانی پێشـــو بە تایبەتی ئەوانەی بە مێژووی گەلانی ئاریایی رەگەزەوە خەریك بوون ئەگەر لە جەمشید ـ یشەوە دەستیان بە باسەکانیان نەکردبێت نەیان توانیوە هاتـــن و رویشـــتن و رۆژانـــی دەســـەلاتداریتی و فەرمانرەوایی ئەم پیاوە فەرامۆش بکەن •

جەمشید لە کتێبی ئایینی ڤیدادا ناوی بە ( یەم ) هاتووە کە ئـــەم ناوە مانای روناکـــی یاخـــود پاشـــا ئەگەیەنێت و ئەش لێن واتای هاوزاد ـ یشی هەیە • وەشیدـیش مانای تیشـــك ئەگەیەنێت وەکـــو خورشید واتا تیشکی خۆر • ئیتر وردە وردە ( یەم ) لە زمانەکانی ئیرانی دا بووە بە جەم هەروەکو ناوی لە ڤیدادا هاتووە هەروەهاشـــ لە ئاویســـتادا ناوی زۆر بەرێزلێنانەوە هاتووە، بۆیـــە گەلێك مێژوونووسانی ئاریایی بە پیاوێکی پایەبەرزی ناوداری هەمـــوو ئاریایی رەگەز یاخـــود گەلانی هندو ئیرانی ئەزانـــن •

بە پێی داستانەکانی سانسکریت جەمشید ناوی ( یەم )و باوکـــی ناوی ( ویسونت ) بووە •

لە رێگ ڤیدا Rig Veda وئاثارڤاڤیدا Atharva Veda دا وا باسکراوە کە دەستێکی درێژی لە بنیادنان و شارستانێتی گەلانـــی هیندو ئیرانـــی دا هەبووە ، کـــە سەیری تەمەنی ڤیدا بکەیـــن (٤٠) سەدە ئەبێت ئەوســـا دێرینی رۆژانی دەسەلاتدارێتی جەمشیدمان بە باشی بۆ دەرئەکەوێت •

هەروەها لە ئاویســـتادا ( ییم ) جەمشید کوری ( یەونگهوەنت ) ـ ە هەرهەمـــان کەسە کە ناوی لە ڤیدادا هاتووە • لە گاثاهادا کە کونترین بەشی ئاویستایە باسی جەمشید وا ئەکات کە مرۆڤی فێری گوشتی حەیوان خواردن کردووە •

وەلە دینکرد کە کتێبێکی کۆنی پەهلەوی یەکانە ئەلێت جەمشید رقی لە چوار شت بووە ، حەز لە بادەخواردنـــەوە ، درۆکـــردن ، بەدخـــویی ،

خۆپەرستی وە ئەم چوارڕەوشتە خراپەی لە ناو خەلکـی ولاتەکەیدا لـە ناوبردووە • بەلام ضحاك کـە دوای جەمشید جلـەوی دەسەلاتداریتی گرتۆتەدەست ئەم رەوشتە خراپانەی هانیوەتەوە ناو ناوانەوە •

هەروەها لە سەرگورشتە کۆنەکـاندا ئەڵێن جەمشـــید کۆمەڵگای کردووە بە چوار چینەوە ، هەنـدێك ئەلین بە سێ چـین ، پیشەسازانی لێ کــەم ئەکەنەوە •

پیاوانی ئایینی ، جەنگاوەران ، جوتیاران ، پیشەســازان دەربارەی سالآنی فەرمانرەوایەتی جەمشید( بیرۆنی ) ئەڵێت ٦١٦ ساڵ درێژەی کێشاوە کە بێ گومان لــە ئاوێستایەوە وەرگرتووەو هەموو ئەڵێن سەد ساڵ خۆی شـــاردۆتــەوە •

خاوەنــی ( مجمل التواریخ ) لای وایە کە ٧١٦ ساڵ فەرمانرەوایەتی کردووە وەدوای ئەوە لە چنگ ضحاك رای کردووە بو زابلستان وەلەوێشەوە رای کردووە بو هندستانو سەد ساڵ پاشایەتی لە هندستان دا کردووە • ئیتر میهراجایەکــی هیندی بە فرمانی ضحاك چۆتــە سەریو بە سەریا زاڵ بووە وگرتوویەتی ونـاردوویەتی بــۆ لای ضحاك ئەویش بەمشار کردویەتی بــە دوولەتەوە • وەکو لە پێشەوە باسمان کردووە نەورۆز ـ یش بەو رۆژە وتراوە کــە جەمشید تێیدا چۆتە سەرتەختی فەرمانرەوایی واتە ئەو رۆژەی خەڵکی فێری شارستانیتیو ئاسایش ویستی کردووە ، وەبەهۆی جەمشیدەوە باڵی خوشــیو ئاشتی بەسەر ئەو کۆمەڵگایەدا کشاوە بۆیــە بەو ڕۆژەیــان وتووە ڕۆژی نوێ یاخــود نوێ ڕۆژو نەورۆز •

هەواڵنامەی کتێب

لســـــنة ١٩٩١
رقــم الايـــداع في دار الكتب والوثائق ٥٧٦

هەواڵنامەی کتێب

دار الحرية للطباعة
١٤١٢هـ - ١٩٩١م